دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٦٧١، شەممە، ١ی ڕەشەممەی ١٣٩٤ی هەتاوی ٢٠ی فێوریەی ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی... ٢

ڕێوڕەسمی یازدە ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی خوێندکارانی... ٣

پەیامی یەکگرتووخوازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران... ٢




ماستێر پلانی نوێ و چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە ٤



خەڵک لە نێو ئەو کەسانەدا نوێنەر هەڵدەبژێرن... ٦



بێکاری سەرچاوەی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە لە کوردستان ٨



پیاوانی حکوومەت، ئێمەیان بە مرۆڤکوژ و خراپکار دەزانی ١٠

# یەکیەتیی ئورووپا ڕێژیمی ئێران بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشتی دەزانێ



بەرپرسانی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، شەوی هەینی پاش دانیشتنی خۆیان لە بروکسێل، لە بەیانییەیەکدا ڕایانگەیاند کە ڕێژیمی ئێران هەڕەشەیە بۆسەر ئاشتی.

هەواڵدەریی ڕۆیتێرز بڵاوی کردەوە، لەو بەیانییەدا هاتووە کە: «یەکیەتیی ئورووپا داوا لە ڕێژیمی سووریە و هاوپەیمانانی دەکات کە لە زووترین کاتدا هێرشەکانی خۆیان بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی سووریە ڕابگرن، چوونکە ئەوە لەمپەرێکی گەورەیە بۆ دورەدیمەنی ئاشتی، یارمەتی بە داعش و دروستکردنی قەیرانی پەنابەری».

لە بەیانییەی بەرپرسانی یەکیەتیی ئورووپادا، هەروەها وێڕای تاوانبارکردنی ڕووسیە بە بۆردومانی ناوچە غەیرە نیزامییەکان لە نزیکی شاری حەلەب لە ناوچەی سنووریی تورکیە، داوا کراوە کە ئەو هێرشانە ڕابگیردرێت.

ڕۆیتێرز بڵاوی کردووەتەوە کە؛ بەرپرسانی وڵاتانی ئورووپایی، ڕێژیمی ئێران و ڕووسیەیان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشتی وەسف کردووە.

دیپلۆماتێکی پایەبەرزی ڕۆژئاوایی گوتوویەتی پشتیوانی لە ڕێژیمی سووریە، مەترسیی گەورەتری لێ کەوتووتەوە.

نوێنەری فەرانسە لە شووڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند: «ئێمە لەگەڵ چەشنێک جووڵەی سەربازیی مەترسیدار لە سووریە بەرەوڕووین کە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت و چووەتە قۆناغێکی نامۆوە».

# چاودێریی نێونەتەوەیی سەبارەت بە «سپی کردنەوەی پارە» لە مامەڵە لەگەڵ ئێران هۆشداریی دا

ناوەندێکی چاودێریی نێونەتەوەیی لە سەر سپی کردنەوەی پارە لە جیهاندا، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣٠ ڕێبەندان، داوای لە وڵاتانی ئەندام کرد کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران زیاتر وریا بن.

هەواڵدەریی ڕۆیتێرز بڵاوی کردەوە، «گرووپی کاریی کاروباری ماڵی» کە ناوەندەکەی لە پاریسە، دەڵێت بە شێوەیەکی «تایبەت و جیدی» نیگەرانی ناکارامەیی سیستمی ماڵیی ئێران لە بەڕێوەبردنی ئەو یاسا وڕێسایانەیە کە دەبنە لەمپەر لە بەرانبەر پشتیوانیی ماڵیی تێرۆریزمدا و ئەو مەسەلەیەش بە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر سیستمی ماڵیی نێونەتەوەیی دێتە ئەژمار.

ئەو ناوەندە داوای لە ئێران کردووە کە یاساکانی دژی سپی کردنەوەی پارە لەو وڵاتە جێبەجێ بکات.

ناوەندی چاودێریی نێونەتەوەیی لە سەر سپی کردنەوەی پارە دەڵێت، «ئەگەر ئێران تا مانگی ژانویە هەنگاوێک یا یاسایەک بۆ دژی سپی کردنەوەی پارە نەگرێتە بەر، وڵاتانی ئەندامی ئەو ناوەندە بۆخۆیان دژی ئێران هەڵوێست دەگرن».

گرووپی کاروباری ماڵی لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٨٦ی هەتاویشدا، لە بەیانییەکدا نیگەرانی خۆی لە «نەبوونی پێکهاتەیەکی هەمەلایانە و ڕوون بۆ پێشگرتن لە سپی کردنەوەی پارە» لە ئێراندا، دەربڕیبوو.

گرووپی چاودێریی نێونەتەوەیی بەرەنگاربوونەوەی سپی کردنەوەی پارە ڕایگەیاندبوو: «ئەگەری ئەوە هەیە کە گرووپە تیرۆریستییەکان لەو خاڵە لاوازانەی ئێران بۆ پاڵپشتیی ماڵیی کردەوەکانی خۆیان کەڵک وەردەگرن».

ئەو گرووپە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی لە لایەن حەوت وڵاتی پیشەییەوە دامەزرا و ئەرکی ئەو ناوەندە بەرەنگاربوونەوە دژی سپی کردنەوەی پارە و تیرۆریزمە.

# ئەمریکا دژی فرۆشتنی فڕۆکەی شەڕکەری ڕووسی بە ڕێژیمی ئێرانە

ئەمریکا دەڵێت فرۆشتنی شەڕکەری ڕووسی بە ڕێژیمی ئێران، دەتوانێت بە مانای پێشێلکردنی گەمارۆکانی چەکوچۆڵ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت.

مارک تۆنێر، وتەبێژی دەرەوەی ئەمریکا گوتوویەتی فرۆشتنی فڕۆکەی شەڕکەری جۆری «سۆخۆ ٣٠» بە ئێران دەبێت لە لایەن شووڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتڕاست بکرێتەوە.

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە گرووپی ٥+١ کردووە کە، ئاگادار بن فرۆشتنی هەندێک چەکوچۆڵ بە ئێران قەدەغەیە.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، میدیاکانی ڕووسی لە زاری ڕۆژنامەی «کومرسانت»ەوە بڵاویان کردۆتەوە کە ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت بە بڕی ٨ میلیارد دۆلار چەکوچۆڵی نیزامی لە ڕووسیە بکڕێت، کە پێشتر لیستەی ئەو چەکوچۆڵە داواکراوەی ئێران بۆ ڕووسیە



نێردرابوو.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، فڕۆکە شەڕکەرەکانی جۆری سۆخۆ ٣٠ ئێس ئێم، جۆری پێشکەوتووی ڕاهێنانی یاک ١٣٠، سووک، هێلی کۆپتێری ترابەری ئێم ئای ١٧ و ئێم ئای ٨، سامانەی پەدافەندی مووشەکیی کەنارئاوی سەییار کا ٣٠٠ پی و ژێردەریایی دیزێکی - ئێلکتریکی، بەشێک لەو چەکوچۆڵانە بوون کە ئێران داوای کردووە.

میدیاکانی ڕێژیمی ئێران تا ئێستا لە بارەی ئەو ڕاپۆرتەوە هیچ هەڵوێستێکیان نەگرتووەتە بەر، بەڵام حوسێن دێهقان، وەزیری بەرگریی ڕێژیم، پێشتریش پشتڕاستی کردبوووەوە کە ئێران دەیهەوێ فڕۆکەی شەڕکەری سۆخۆی ٣٠ لە ڕووسیە بکڕێت.

هەروەها قەرار بوو کە پێنجشەممەی ڕابردوو، ئێران مووشەکەکانی ئێس ٣٠٠، لە ڕووسیە وەرگرێت، بەڵام بەرپرسانی ڕووسی ڕایانگەیاند کە ئێران پارەی ئەو مووشەکانەی نەداوە.

## پەیڤ

### کارەساتی نەتەوەیی

کەریم پەرویزی

دوو ساڵ و نیو پێش ئێستا، لە هاوینی ساڵی ١٣٩١، واتە ساڵی ٢٠١٣ زاییندا هەوڵەکانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد چڕتر ببوەوە و چەندین کۆبوونەوەی فراوانی هێز و لایەنە سیاسیەکان گیرا و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش بە چڕوپڕی کۆبوونەوەکانی سەرپەرستی دەکرد و سکرتاریای کۆنگرە دامەزرا و لیژنەکان پێک هاتن و کار دەکرا کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ببەسترێ، بەڵام ئەو هەموو هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو و بەتایبەت هێژمونی خوازیی هەندێک لایەن بەستنی کۆبوونەوەی باڵای بۆ دیاریکردنی ستراتیژیی نەتەوەیی! پەک خست.

ئێستا و دوای هێرشی داعش بۆ سەر کورد و کوردستان و ئاڵوگۆڕی زۆر لە ناوچە و هێرشی هەمەلایەنی چەندین قەیرانی سیاسی بۆ سەر کورد لە هەموو بەشەکاندا، بە پێی لۆژیکی سیاسی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەبێ هەوڵی زیاتر و جیدیتر بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەبێ و کورد وەکوو نەتەوەیەکی یەکهەڵوێست بەڵام دابەشکراوی بەزۆرەملێ لە قەیرانەکاندا خۆی بنوێنێ و بەرەوڕووی مەترسیەکان بێتەوە، بەڵام ئەوەی کە لەو نێوەدا نادیارە لۆژیکی سیاسی و نەتەوەییە.

هەموو نەتەوەکانی دونیا لەکاتی هەڕەشە توند و مەترسیدارەکاندا یەکدەنگ دەبن و گرفتە نێوخۆیی و جیاوازیە سەلیقەیی و بەرژەوەندیە کورتخایەنەکان وەلا دەنێن و هاوهەڵوێست، وەکوو نەتەوەیەکی بەئیرادە، بە دژی گرفتە گەورەکان دەوەستنەوە و بەسەریدا زاڵ دەبن، بەڵام بەداخەوە کە لە نێو نەتەوەی کورددا بەتایبەت کە بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە، لەو کاتەدا کە دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگ هەڕەشە لە مانی ئەم نەتەوەیە دەکەن، نەک نەتەوەی کورد یەکدەست و یەک هەڵوێست نەبووە، بەڵکوو پەرتەوازەترو شپرزتر بووە.

وای لێ هاتوە کە چاوەڕوانیی یەکهەڵوێستیی نەتەوەییمان نەبێ هیچ، چاوەڕوانیی پشتیوانی و هاوپشتیی لە گرووپ و بەشی جیا بەنیسبەت گرووپ و بەشی جیاجیاشمان نەبێ و لەوە خراپتریش گەیشتووینەتە دۆخێک کە ئاواتەخوازین کە پێش لە دوژمنانی نەتەوەکەمان، بەشیکی کورد زەربە لەو بەشەکەیتر نەدا! لایەنێکی سیاسی وەپێش نەکەوێ و پێش لە دۆژمنان، هەڕەشە نەبێ بۆ لایەنی دیکە! برایەکمان نەبێ بە قەڵغان بۆ دژمنان و برایەکی دیکەمان پاڵمان پێوە نەنێ بۆ قووڵایی دۆڵەکەمان بەرنەداتەوە.

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# یازدەهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

خوێندکارانی ئازادیخواز و ماڤخوازی کوردستان!
بەڕێزان، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
ئامادەبوانی هێژا!

بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە و یازدەهەمین ساڵی تێکۆشانی مافخوازنەی خوێندکارانی ئازادیخوازی وڵاتەکەمان لە یەکیەتیی خوێندکاراندا ئاراستەی سەرجەم لایەنگران، ئەندامان و دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان لە ئەرکی پیرۆزی ڕێکخستن و هاندانی خوێندکارانی وڵاتەکەماندا بۆ پەرەپێدانی خەباتی مافخوازانە و بەشداریی چالاکانە لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی گەلەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بۆ بە ئاوات دەخوازم.

بەڕێزان!

خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکرات، بۆ دابینبوونی مافە ڕەواکانی خۆی وەکوو نەتەوەیەکی ستەم لێکراو، خەباتێکی پڕ هەوراز و نشێو و خاوەنی مێژوویەکی پڕاوپڕ لە سەروەری و شانازی و چیایەک قوربانیدان و ڕەنج و تێکۆشانە، کە بەهۆی بەشداریی چالاکانەی ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی گەلەکەمان لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەم گەلە لە ڕیزی ئەو خەباتەدا، توانیویە بە درێژایی چەندین دەیە لە بەرانبەر هەر دوو ڕێژیمی سەرەڕۆ و کۆنەپەرستی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیهدا وەکوو قەڵایەکی لە گیراننەهاتوو خۆڕاگری بکات، و سەرەڕای هەموو کاولکارییەکانی هێزەکانی ئەو دوو ڕێژیمە دژی گەلییە، مان و مەجوودییەتی خۆی و شوناسی نەتەوەکەی و زیندوویەتی و شکۆی خەباتەکەی بە سەربەرزییەوە بپارێزێت.

لەم نێوانەدا توێژی خوێندکار و نوخبەی ئاکادێمیکی پێگەیشتووی وڵاتەکەمان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرەوپێشبردنی ئەو خەباتەدا گێڕاوە و بە هێزی زانست و ئەزموونی سیاسی و ڕۆشنبیریی خۆیان پاشخانێکی دەوڵەمەندیان بۆ تەیارکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی مۆدێرنی کورد بە چەکی زانستی سەردەمیانە وە سەر یەک ناوە کە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو کاروانەدا ناوی شەهیدانی هەمیشە ڕێبەرمان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەکوو دوو ئەستێرەی پڕشنگدار تا هەتایە دەدرەوشێتەوە.

حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بە هەستکردن بە پێویستیی کەڵک وەرگرتن لە زانست و ڕۆشنبیری و تەکنیکی سەردەم بۆ بنبڕ کردنی ئاسەوارەکانی دواکەوتوویی لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەنگاوی هەڵگرت. یەکێک لەو هەنگاوانە ناردنی کۆمەڵێک لە لاوانی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆ یەکیەتیی سۆڤیت. بە مەبەستی خوێندن لە زانکۆدا بوو تاکوو لە گەڕانەوەدا بناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان و بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بۆ گەلەکەمان دابڕێژن کە بە داخەوە بە هۆی تەمەنی کورتی کۆمار و ڕووخانی بە پیلانێکی نەیارانی کورد، ئەو هەنگاوە پێشکەوتنخوازانەیە بە نیوەچڵی لە بار برا و نەیتوانی ئامانجەکانی وەدی بێنێ. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی خەباتی خۆیدا لە بەشدارکردن و هاندان بۆ خەبات و ڕێکخستنی توێژی خوێندەواری کوردستان لە نێو ڕیزەکانی خۆیدا لە نێوخۆی زانکۆکانی ئێران و دەرەوەی وڵات ڕانەوەستا. بەشداریی چالاکانەی نوخبەکانی ئەم توێژە لە ڕاپەڕینی شکۆداری ساڵەکانی ٤٧ـ٤٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە شەهید ئەندازیار «ئیسمایل شەریفزادە» لە سیما هەرە ناسراوەکانیان بوو، چڵەپۆپەی ئەو هاوپێوەندییە شۆڕشگێڕانەیە بوو.

لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش ڕۆڵی خوێندکارانی کورد لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورددا و خەباتی ئەوان شانبەشانی چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان یەکێك لە حەماسە هەتاهەتاییەکانی مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردی خولقاند و هۆکارێکی گرینگ بۆ جێگیربوونی هەرچی زیاتری بەها مرۆییەکان و زانست و هەڵسوکەوتی سەردەمیانە لە کۆمەڵگا و بزووتنەوەی کوردستاندا بوو کە پێگەیەکی تایبەتی و جێگای ڕێزی لە نێو هەموو لایەن و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای سیاسیی ئێراندا بۆ فەرهەنگی سیاسی و ڕۆشنبیریی بزووتنەوەی کوردستان بە دیاری هێنا.

لەم ساڵانەی دواییدا شاهیدی ئەوە بووین کە خوێندکارانی کوردیش لە زانکۆکانی سەرتاسەری ئێران و لە نێو بزووتنەوە ئیعترازییەکانی ئەو وڵاتەدا وەك خەسڵەتی هەمیشەیی بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەیان، ڕۆڵی پێشەنگ و خەباتکاری ڕاستەقینە و لێبڕاویان گێڕاوە و بە شوناسی نەتەوەیی خۆیانەوە گیانێکی تازەیان بە بەر خەباتی گەلانی ئێراندا بە پێشکەش کردنی گیانی پاکی چەند کەس لە خوێندکارە ئازاو بوێرەکانی کورد کردووە.

هەر لە درێژەی ئەو ڕەوتەشدا کاتێك کە کۆمەڵێك لە خوێندکارانی ماڤخواز و شۆڕشگێڕی کورد بڕیاریان دا، بۆ بە ڕێکخراوەییکردنی خەباتی خۆیان لە زانکۆ و کۆمەڵگادا، ڕێکخستنێک لەژێر ناوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابمەزرێنن، حیزبی دێموکرات بە سەرنجدان بە ئامانج و بەرنامەی پێشکەوتووی ئەو ڕێکخراوەیە، لە ڕێنوێنیدان و هاوکاریکردنیان خۆی نەبوارد و هەتا ئێستاش هەردەم پاڵپشتی کار و چالاکییەکانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و لە داهاتووشدا ئامادەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی ئەوان و هەموو خوێندکارانی خەباتکاری نێو ڕیزی بزووتنەوەی ڕەوای هەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران یارمەتیدەریان بێت.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی یازدەهەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرکەوتنی ئەو ڕێکخراوە لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانیدا بە ئاوات دەخوازین و سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو خوێندکارە بە هەڵوێستانەی گەلەکەمان کە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بوێرانە بەرەنگاری سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژمی کۆنەپرەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوونەتەوە و لێرەوە دەستی خەبات و تێکۆشانیان بە گەرمی دەگوشین.

سەرکەوێ خەباتی ماڤخوازانەی خوێندکارانی ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی شێخ جەنگی تاڵەبانی

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی «شێخ جەنگی تاڵەبانی»دا بەشداریی کرد.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لە تەکیەی تاڵەبانی شاری کۆیە، لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی شێخ جەنگی تاڵەبانیدا بەشدارییان کرد.

لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی شێخ جەنگی تاڵەبانی، برای مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان(puk)، مستەفا هیجری پرسە و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتی بە بنەماڵە و کەسوکاری شێخ جەنگی ڕاگەیاند و حیزبی دێموکراتی بە بەشدار لە خەم و پەژارەی لە دەستدانی ئەم کەسایەتییەی باشووری کوردستان زانی.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیان کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەممەد ساڵح قادری» بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەولێر، سەردانی یەکگرتووی ئیسلامییان کرد. ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی محەممەد ساڵح قادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەولێر، بە بۆنەی ٢٢هەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سەردانی ئەو حیزبەیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی و سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامیەوە، پێشوازییان لێ کرا. لەو دیدارەدا هەیئەتی حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزبایی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتیان بە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ڕاگەیاند و هیوایان خواست یەکگرتووی ئیسلامی لە پێناو بەرەودان بە ڕوحی تەبایی و ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان لایەنە سیاسییەکان، تەعبیر لە هەڵوێستە نەتەوەییەکانی بکات .

## چالاکیی تەبلیغاتی بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لە چەند شاری کوردستان بەڕێوە چوو

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز بۆ تەحریمکردنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، دەستیان دایە چالاکی تەبلیغیاتی و بە نووسینی دروشم ئەو هەڵبژاردنایان بایکۆت کرد.

ئەم چالاکییە بە شێوەیەکی بەرین لەم گەڕک و شەقامانەی شاری سەقز بەڕێوە چوو:

«شەقامی ٣٢ میتری، حاجی ئاوا، کەریم ئاوا، شەهرەکی گوڵان، ساڵحاوا، شەهرەکی فەرهەنگیان، ئوستاد شیرازی و کوشتارگای قەدیم».

دوای ئەو چالاکییە تەبلیغیاتییەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، ڕێژیم هێزەکانی خۆی لە نێو شاردا بڵاوە پێ کردووە و بەشوێن بکەرانی ئەو کارەدا دەگەڕێت و دەستیان کردووە بە پاک کردنەوەی دروشمەکان لەسەر دیوارەکان. هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ،

لە شاری بۆکان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حیزبی دێموکرات و فایلی دەنگی «دەنگ نادەین» و تراکت و پوستری تایبەت لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری بۆکان و بەشێکی زۆر لە گوندەکانی سەر بەو شارە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەندامانی حیزب فایلی دەنگ و بەشێک لە بەیاننامەی حیزبی دێموکرات و تراکتیان لە ڕێگای ئێس ئێم ئێس، تێلێگرام و ئینستاگرام و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ هاووڵاتییان ناردووە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ بۆ تەحریمکردنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، دەستیان دایە چالاکی تەبلیغییاتی و بە نووسینی دروشم، ئەو هەڵبژاردنایان بایکۆت کرد.

هەروەها ئەندامی حیزبی دێموکرات لە گوندی «ئاڵیاوێ» سەر بە شاری شنۆ، چالاکیی تەبلیغییان بۆ بایکۆت‌کردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم بەڕێوە بردووە.

ئەو دروشمانە بریتی بوون لە:

«دەنگ نادەین بە مانەوەی ڕێژیم، دەنگ نادەین بە دوارۆژی ناڕوون، ئێمە لە شانۆگەریی هەڵبژاردندا بەشداری ناکەین، دەنگ نادەین بە ڕێژیمی سێدارە، نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و نەمان بۆ جاش».

## بەشداریی هەیئەتێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕێورەسمی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵە . ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

هەیئەتێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سلێمانی لە ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کومەڵە۔ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەشداریی کرد.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، هەیئەتێکی پێوندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی محەممەد ساحیبی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی لە شاری سلێمانی، لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کمۆنیستی ئێران بەشداریی کرد. هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەو ڕێورەسمەدا، پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانیان پیشکەشی بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە کرد. لە پەیامەکەدا، وێڕای پیرۆزبایی ئەو یادە ،هیوای هاوکاریی زیاتر و نیزیکاتیەتی نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئیران بۆ هەر چی چڕتر کردنەوەی خەباتی ئازادیخوازانی کورد لە کوردستان و ئیراندا، خوازرابوو.

## پەیامی یەکگرتووخوازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ خالید عەزیزی و هاوڕێیانی

بەڕێز / کاک خالید عەزیزی
نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە !
وێڕای سڵاوێکی دۆستانە !

بەبۆنەی بەستنی کونگرەکەتانەوە پیرۆزبایی لە ئێوە و نوێنەرانی بەڕێزی کونگرەکەتان دەکەین بە هیواین بەرنامەی کاری کونگرە لە خزمەت بە دۆزی کورد لە کوردستانی ئێران بە ئاکامی دڵخواز بگات.

هاوڕێیانی بەڕێز!

بێگومان هەموو لایەک ئاگادارن کە ئەم کونگرەیەتان لە هەل و مەرجێکی زۆر هەستیار بۆ کورد پێک دێ، لە لایەکەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست(کە کوردستانیش بەشێکە لەو ناوچەیە) بووەتە چەقی شەڕ و ئاڵۆزی لە نێوان گرووپ و لایەنە جیاوازە ئایینی، نەتەوەیی و سیاسییەکان کە زۆربەیان بە نوێنەرایەتی زلهێزێکی جیهانی یان ناوچەیی لە کوشتار و وێرانی تێوەگلاون بە جۆرێک کە داهاتووی چارەنووسی ئەو ناوچەیان تەم و مژاوی کردووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سازکردنی ئەو ناکۆکییانە دەوری سەرەکی دەگێڕێ، چوونکە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە نائارامی ناوچەدا دەبینێ، یەکێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەوەیە کە بەهۆی ئەم وەزعە ئاڵۆزەوە هەوڵی داوە نفوز و دەسەڵاتی خۆی ڕۆژبەڕۆژ لە پانتایی ناوچەکەدا پەرەگرتووتر بکا، بەداخەوەلەو پێوەندییەدا سەرکەوتنیشی بە چنگ هێناوە. هەمووشمان گومانمان نییە لەوەی کە پەرەگرتنی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە لە ناوچەدا بۆ زۆربەی پێکهاتەکان بە تایبەت بۆ کورد و، لەنێو کوردەکانیشدا بۆ ئێمەی کوردی ئێران مەترسیدارە. بەتایبەت کە هێزەکانی کوردی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە پرش و بڵاویدان و بەم شێوەیە تواناکانیان لە هەموو ڕەهەندێکەوە بەرەو کزی چووە، بەداخەوە حیزبی دێموکرات بە جیابوونەوەیەک لە ڕیزەکانیدا کە لە ساڵی ٨٥ ڕویدا، وەک حیزبێکی سەرەکی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە لە ئێرانیشدا، لەو نەخۆشییە بە دوور نەماوە. ئەو جیابوونەوەیە زەربەیەکی گەورە بوو لە پەیکەری حیزبی دێموکرات و بێجگە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و نەیارانی دیکەی کورد، کەس قازانجی لێ نەکرد.

ئەو ساڵانەی جیایی و لێکدابڕانە ماوەیەکی کەم نەبوو بۆ ئەوەی هەموومان لێی فێربین و بە هەڵەکانماندا بچینەوە، بۆ ئەوەی لەم کاتە ناسک و هەستیارەدا و بە لەبەرچاوگرتنی چارەنووسی کورد لە کوردستانی ئێران، ڕەوتی دانوستاندنەکانمان کە چەند ساڵێکە دەستی پێ کردووە بە مەبەستی لێک نزیکبوونەوە و لە ئاکامدا یەکگرتنەوەمان، خێراتر و جیددیتر بکەین. لەو پێوەندییەدا کونگرەکەتان ئەرکی قورسی لەسەر شانە کە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدا بۆ ئەوەی لەوە زیاتر کات بە فیڕۆ نەدەین.

بەڕێزان!

لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ناوچە و شەترنجی خاوەن کایەکانی ئەو مەیدانە کە بێگومان ئێرانیش دەگرێتەوە، یەکگرتوویی ئێمە هێزێکی زۆر زیاتر لەهێزی ئەو دوو لایەنەمان پێ دەبەخشێ و، جێگە و پێگەی کوردی خۆرهەڵات لە ناوچە و دنیاشدا قورستر دەکا، هەر بۆیەشە، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی زۆر جیددیدایە بۆ ئەوەی تێکۆشانی ئێمە بۆ ئەو مەبەستە لە باربەرێ.

داواتان لێ دەکەین بۆ گەیشتن بە ئەنجامی دڵخواز، با هەستی تۆڵە کردنەوە و ڕقەبەری لەسەر هیچ، نەبنە لەمپەڕ بۆ ئەوەی ئامانجە گرنگ و سەرەکییەکە کە یەکگرتنەوەیە نەبیندرێ، وەک دەڵێن دارێک بەر چاومان نەگرێ کە جەنگەڵەکە نەبینین.

ئێمە و هەموو کوردێکی دڵسۆز بەتایبەت خۆشک و براکانمان لە کوردستانی ئێران بە نیگەرانیەوە چاوەڕوانی ئاکامی کونگرەکەتان دەکەین، هەر وەکوو چۆن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بە مەبەستێکی دوژمنکارانە لە چاوەڕوانیدایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٥/١١/١٣٩٤
٢٥/٠١/٢٠١٦

# یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێرانی بایکۆت کرد

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا، هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەمەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بایکۆت کرد. لە بەشێک لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە «ئێمە وەك یەکیەتیی پێشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران، بە خوێندنەوەی ڕابردوو، لەبەرچاوگرتنی وەزعی ئەمڕۆکە، داهاتووی بارودۆخەکەمان هێناوەتە پێش چاومان و لێکدانەوەی وردمان لە سەر ئەم نمایشە ئەنجام داوە. لە کۆتاییدا، بۆمان ڕوون بۆتەوە کە قازانجی گەلە بەشخوراوەکەمان لەوەدایە کە بە دەم بانگەوازی ڕێژیمەوە نەچێت و بە دوورەپەرێزی لەم کردەوە بێ مانایە، شەرافەت و کەرامەتی تاکەکانی خۆی بپارێزێت.»

لەم ڕاگەیەندراوەدا و ڕوو لە مامۆستایانی کوردستان هاتووە: «هەر وەك ئاگادارن، دۆخی نالەباری ژیان و پێگەی مامۆستایان، بەرنامە و پرۆگرامی کۆنی خوێندنگەکان و هەل و مەرجی قەیراناویی کۆمەڵگای کوردستان، بۆ هەموو لایەکمان ڕوون و ئاشکرایە و لەوپەڕی ئاڵۆزیی و خراپیدایە. بۆ وێنە، کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەیی مامۆستایان بە گشتی بەربەست کراون. ئەو مامۆستا و دڵسۆزانەی کە دەیانەوێ داکۆکی لە داخوازییەکانی خۆیان و قوتابیانی کوردستان بکەن، پەروەندەیان لە شوێنە ئەمنییەتییەکاندا بۆ دەکرێتەوە و نەهادە نیزامییەکان بە توندترین شێوەی مومکین بەرەوڕوویان دەبنەوە. بەرنامەی ئامووزشیی قوتابخانەکان و ناوەرۆکی بابەتە دەرسییەکان بە بەراورد لە گەڵ بارودۆخی سەردەم، لە نزمترین ئاستی خۆیان دان.» یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان ڕوو لە قوتابیانی کوردستان دەڵێ: »ئێوە وەك چینی خوێندکار و نەوەی تێگەیشتووی داهاتوو، خزم و کەس و دەوروبەرتان ئاگادار بکەنەوە کە دەنگ نەدان گەلێك سەربەرزانەتر لەوەیە کە فریوی درۆ و دەلەسەی حکوومەتێکی دیکتاتۆری ئیسلامی بخۆی، کە هیچ مافێك بە گەلی کورد ڕەوا نابینێ.»

لە کۆتاییدا، یەکیەتیی پێشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران جەخت لە سەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە مەجلیسی شوورای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگان، تەنها نمادی سەمبوولیکیان بۆ ڕەوایی‌دان بە دەسەڵاتی ئاخوندەکان هەیە و تەنها لە خزمەت پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ دان. کە واتە بەشداریی کردن لەم هەڵبژاردنەدا، دەبێتە هۆی زۆر بوونی زوڵم و ستەم و بێ عەداڵەتی زیاتر لە جاران و لە ئاکامدا بە دەستی خۆمان ڕێگەی دز و جەردە بۆ نێو ماڵ و سامانی خۆمان نیشان دەدەین.

# ئیلام/ پڕوپاگەندەی ئەندامانی بەسیج دژ بە حیزبە کوردییەکان

لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی و خوبرەگان لە ئێران، ڕێکخراوی بەسیج لە پارێزگای ئیلام، دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوە لە دژی ئۆپۆزیسیونەکانی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناوخەڵکدا.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕێکخراوی بەسیج سەر بە سپای پاسداران، لە پارێزگای ئیلام بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر لە نێو خەڵکدا، حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە خائین و کافر ناوبردووە.

ڕێکخراوی بەسیجی ئەو پارێزگایە، لەو تراکت و نووسراوانەدا هەوڵی چەواشەکاریی و بەلاڕێدا بردنی مێژووی حیزبە کوردییەکانی داوە و بە دوژمنانی ئیسلام ناوی بردوون و لەو ڕێگایەوە دەیهەوێ هەستی ئایینیی خەڵک بەرانبەر بە حیزبە کوردییەکان ببزوێنێ.

هەر لەو بڵاوکراوانەدا، ڕێبەرانی کوردی وەک دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و فوئاد مستەفا سوڵتانی، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی بە خائین و کافر ناوبردووە.

ئەو تراکت و نووسراوانە، لە شەقام و لە شوێنە گشتییەکاندا، بە شێوەی ئاشکار لە لایەن ئەندامانی بەسیجی ئەو پارێزگایەوە بڵاو دەبێتەوە.

هەندێک لەو نووسراوانە نهێنی و تایبەت بوونە بۆ ڕێنمایی ئەندامانی بەسیجی ئەو شارە، کە ڕێکارگەلێک بگرنەبەر بۆ یەک‌نەگرتنی حیزبە کوردییەکان و چۆنیەتیی نفووز کردن لە ناو ئەو ڕێکخراوانەدا. شایانی باسە، ئەم هەوڵەی بەسیج، بەرپەرچدانەوەی بایکۆتی هەندێ لە حیزبە کوردییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژبەری ڕێژیم لە مەڕ هەڵبژاردنەکانە.

# ڕێوڕەسمی یازدە ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو

دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، بە بۆنەی یازدەهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی خوێندکاران، ڕێوڕەسمێك بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، ئەندامانی ڕێبەرایەتی و بەشێك لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و ژمارەیەک لە میوانان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و بزووتنەوەی خوێندکاری دەستی پێکرد. پاشان پەیامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی خوێندکاران لە لایەن «جەمال فەتحی»، ئەندامی هەیئەتی ئیجراییەوە خوێندرایەوە.

پاشان، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو بۆنەیەوە لە لایەن «محەممەد نەزیف قادری»، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا کە لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بە پشتگیریی حیزبی دێموکرات لە خەبات و چالاکییەکانی خوێندکارانی کورد لە ئێران و بە تایبەتی یەکیەتیی خوێندکاران وەکوو بەشێك لە بزووتنەوی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد کرابوو.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، «حیسام دەستپیش»، مامۆستای زانستە سیاسییەکان باسێکی زانستیی لە سەر پێگە و تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوی خوێندکاری و ئەرکی خوێندکاران لە خەباتی ئێستا و داهاتووی کوردستانی ئێراندا پێشکەش کرد. هەروەها لە دوو بڕگەی جیاوازدا، پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پەیامی پیرۆزبایی کۆمەڵێك لە کەسایەتی و ڕێکخراوە زانستی و خوێندکارییەکانیش پێشکەش کرا.

لە نێوئاخنی کۆڕیادی یازدەهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، هونەرمەندانی کۆڕی مووزیکی کۆمیسیۆنی پەروەردی حیزبی دێموکرات چندین کۆپلە گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕانەیان پێشکەش کرد کە لەگەڵ پێشوازیی بەشداربوان بەرەوڕوو بوو.

# یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی، ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی یادی ٧٠ ساڵەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵە حیزبییەکان و بەشێک لە ئەندامانی لاوان و میوانان و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان لە هەرچواربەشی کوردستان، لە بنکەی سەرەکی یەکیەتیی لاوان، بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بەتایبەت شەهیدانی لاوان دەستی پێکرد.

دواتر سروودی تایبەت بە لاوانی کورد پێشکەش بە ئامادەبووانی مەراسمەکە کرا.

پاشان پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن «جەلال ڕەوانگەرد» سکرتێری یەکیەتیی لاوانەوە پێشکەش کرا. ڕەوانگەرد لە پەیامەکەیدا باسی لەوە کرد کە یادگارەکەی کۆمار هەنووکە وەفادار بە بیروباوەڕی کۆمار و پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی، درێژە بە تێکۆشان دەدات. وانەکانی کۆمار پێمان دەڵێن: ئەی لاوی کورد! ئۆگری نیشتمانەکەت بە. سەربەستی و ئازادی نرخی گرانە، هەروەك ڕێبەری خەباتگێڕی ڕاستەقینەی ڕێگای ئاشتی و ئازادیخوازی کورد دەفەرمێت: «گەلێك ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات». ناوبراو لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا، ئاماژەی بەوەدا کە یەکیەتیی لاوان تا ئێستا ڕێگایەکی بە درێژایی ٧٠ ساڵ پڕ لە هەوراز و نشێو بڕیوە و بە هەوڵ و تێکۆشان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی درێژە بە خەبات دەدا.

دوابەدوای پەیامی یەکیەتیی لاوان، هونەرمەندی پێشمەرگە «غولام فاتحی» گۆرانییەکی پێشکەش کرد.لە بڕگەیەکی دیکەی مەڕاسمەکەدا لە ڕێگەی «سلایدشۆ» بەشێک لە چالاکییەکانی لاوان لە ماوی شەش مانگی ڕابردوودا، بە ڕێپۆرتاژێک بڵاوکرایەوە.

دواتر پارچە شێعرێک لەژێر ناوی «حەفتا ساڵ تێکۆشان» لە لایەن «دێدەوان یەعقەوب» پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

هەروەها ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی چالاکیی تایبەت بە ٣٠ی ڕێبەندان لە «ناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دەرەوەی وڵات» پێشکەش کرا.

زیاتر لە ٤٦ پەیام لە ئاستی «جیهانی و هەرچواربەشی کوردستان» کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە نەتەوەییەکان پەیامی پیرۆزباییان بۆ یادەکە ناردبوو.

پاشان، گۆرانییەکی دیکە لە لایەن کۆڕی موزیکەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لە نێو ئاخنی ڕێورەسمەکەدا وێڕای دەستخۆشی لە سەرجەم ئەو ئورگان و لایەنانەی کە هاوکاری بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەکە بوون، نوێنەرانیان لە لایەن «لوقمان عەبدوڵلازادە و دیاکۆ مەسعودی» جێگرانی سکرتێری پێشوو و ئێستای یەکیەتیی لاوان، لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا.

دواتر چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ لە لایەن گرووپی «کیژانی ڕۆژهەڵات»ەوە نمایش کرا.

ڕێورەسمەکە بە شایی و هەڵپەرکێی ئامادەبووان کۆتایی هات.

# منداڵێکی تەمەن ژێر ١٨ساڵ حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو

حوکمی ئیعدامی منداڵانی تەمەن ژێر ١٨ساڵ لە ئێران درێژەی هەیە، هەر لەو پەیوەندییەدا دیوانی باڵای وڵات، حوکمی ئیعدامی بۆ منداڵێکی دیکەی تەمەن ژێر ١٨ ساڵان بڕییەوە.

دیوانی باڵای وڵات، ڕۆژی ٢٧ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، حوکمی ئیعدامی بۆ «هێمن هەورامی نیژاد» بڕییەوە.

لە مادەی ٩١ی یاسای سزای ئیسلامیدا هاتووە، هەر کەسێک لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکدا، درکی بە تاوان بوونی کردەوەکەی خۆی نەکردبێت، یان لەبواری مێشکەوە بە تەواوی گەشەی نەکردبێت و یان تەمەنی لە ژێر ١٨ساڵانەوە بێت، لە حاڵەتی ڕوودانی کوشتندا، بە «قیساس» مەحکووم ناکرێت.

پزیشکی یاسایی بۆ دەستنیشان کردنی گەشەی مێشکی هێمن هەورامی نیژاد لە کاتی ئەنجام دانی تاوانەکەی‌دا، تەنیا چەند پرسیاری لێ کردووە و تاقیکارییەکی زانستی یان پزیشکی لە سەر ناوبراو ئەنجام نەدراوە.

هێمن لە دایکبووی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوییە و لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی‌دا، تەمەنی ١٧ساڵان بووە و حوکمی ئیعدامی ئەو منداڵە، بەبێ ڕەزامەندیی بنەماڵەکەی بەڕێوە دەچێت. هەواڵدەریی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، ناوی سێ کەسی دیکەشی لە زیندانی سنە ئاشکرا کرد کە تەمەنیان لە ژێر ١٨ساڵەوەیە و مەترسیی ئیعدام کردنیان لەسەرە.

شوناسی ئەو چوارمنداڵە کوردە، «یووسف محەممەدی»، «هێمن هەورامی نیژاد»، «سیاوەش مەحموودی» و «ئامانج حوسێنی»، ڕاگەیەندراوە. ئێران، عەربستان سعوودی، پاکستان و سوودان، تەنیا وڵاتگەلێکن کە منداڵانی تەمەن ژێر ١٨ساڵ بە ئیعدام مەحکووم دەکەن.

## کۆچی دوایی باوکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە بانە

مام «عەبدوڵڵا وەتەنخا» باوکی شەهید «جەلال و عوسمان وەتەنخا» لە شاری بانە ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٨ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، مام عەبدوڵڵا وەتەنخا، خەڵکی گوندی «زەرواوی خواروو» و باوکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، لە تەمەنی ١٠٥ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد. مام عەبدوڵڵا کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەکە بوو و تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکە و خزم وکەس‌وکاری لە شاری بانە بە خاک سپێردرا.

شەهید «عوسمان وەتەنخا ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی، لە گوندی «زەرواوەی خوارەوو» لە شاری بانە لەدایک بوو، ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕێکە وتی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی، لە شوێنێک بە ناوی «بێلوێ» لە ئەنجامی تۆپبارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران شەهید بوو. شەهید «جەلال وەتەنخا» ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی، لە گوندی «هەورازە» لە شاری بانە لەدایک بوو، ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٦٦ی هەتاوی، لە «بەردەڕەش» شەهید بوو. هەروەها مام عەبدوڵڵا مامی دوو شەهیدی حیزبی دێموکرات بە ناوەکانی «ئەحمەد و ساڵح بەهلوول»ـیە کە شەهید ئەحمەد لە شەڕی پادگانی بانە شەهید بوو و شەهید ساڵح بەهلوولی فەرماندەی دەستە لە شەڕی زەرواو شەهید بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و خزم وکەس‌وکاری مام عەبدوڵڵا دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## پێشمەرگەیەکی پێشووی حیزبی دێموکرات لە شاری ئورمیە کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، لە شاری ورمێ مەلا جەلیل فارۆقی، پێشمەرگەی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد. کاک جەلیل تا دوایین هەناسەی ژیانییەوە وەفادار بە ڕێبازی حیزب و گەل مایەوە. مەلا فارۆق لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، پەیوەست بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بوو. کاک فارۆق دواتریش وەکوو کەسایەتییەکی ناسراو لە نێو کوردەکانی شاری ئورمیەدا خاوەن پێگەیەکی تایبەت بوو. ناوبراو ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئاراستەکردنی لاوانی کورد بەرەو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا هەبوو و تا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ئامانجەکانی نەتەوەکەی وەفادار مایەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس‌وکاری کاک فارۆق دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## پێشمەرگەیەکی پێشووی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد

«ڕەزا شەجیعی» کوڕی «محەممەد حوسێن» پێشمەرگەی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، لە شاری سەقز ڕەزا شەجیعی، کوڕی محەممەد حوسێن، لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا بە هۆی وەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد. ڕەزا شەجیعی، لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوییەوە تا ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی، پێشمەرگەی حیزب دێموکرات بوو و دواتر لەسەر ئیزنی حیزب گەڕایەوە نێوخۆ و دوای ماوەیەک زیندانی‌کران ئازاد کرا. کاک ڕەزا تا دوایین هەناسەی ژیانییەوە وەفادار بە ڕێبازی حیزب و گەل مایەوە. ناوبراو جگە لەوەی کە کەسایەتییەکی خۆشەویستی ناوچەکە بوو، برای شەهید «عەلی شەجیعی» پێشمەرگە حیزبی دێموکرات بوو و لە شەڕی سێ مانگە لەگەڵ ڕێژیمدا شەهید بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس‌وکاری کاک ڕەزا دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## درێژەی پەیڤ

نموونەی ئەو جۆرە هەڵوێستە نانەتەوەییانە کە لەم ڕۆژانەدا بینیمان، کرانەوەی دەزگای «ڕۆشنبیریی خومەینی» لە کەرکووک بوو کە پارێزگاری کەرکووک کە خۆی سەردەمانێک لە ڕێکخراوێکی بە ناو کۆنگرە نەتەوەیی کاری دەکرد ! ئەو دەزگایەی کردەوە. ئەوەی کە چەمکی «ڕۆشنبیری» و دیاردەی دزێوی «خومەینی» تاچەند لەگەڵ یەک ناتەبان و دژبەیەکن، کەس حاشای لێ ناکا و گەر گومانێک لەو بارەوە هەبێ دەبێ پرسیار لە بەڕێز پارێزگاری کەرکووک بکرێ تا گومانەکان بڕەوێنێتەوە. بلەوە کارەساتبارتر ئەوەیە کە خومەینی گەر بۆ فارس و ئێرانیەکان ڕۆشنبیر بێو سەمبۆلی ڕۆشنبیری بێ ( کە وا نیە و سەرتاپای خەڵکی ئێران بە دواکەوتووی دەناسن)، بەڵام خۆ بۆ کورد و لانیکەم بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، دڕندەیەکی تاوانبار بووە کە فەرمانی جەهادی بە دژی نەتەوەی کورد دەر کردوە و بە هەزاران ڕۆڵەی کورد بە فەرمانی خومەینی کوژراون و دەیان هەزار کەس بریندار و زیندانی و بێ سەرو شوێن کراون و دەیان هەزار کەس لە ژێر هێرشی سپای دڕندەی خومینیدا ئاوارە ولاتان بوون. هەر بە فەرمانی خومەینی زیاتر لە مانگێک شاری سنە تۆپباران کرا و هەر بە فەرمانی خومەینی سوپا و ئەرتەش و بەسیج و جاش و بەکرێگیراوان هێرشیان کرد سەر شار بەشار و گوند بە گوندی کوردستان و ئەوەی تاوانیان لە دەست دەهات دژ بە نەتەوەی کورد کردیان.

لە سەرتاسەری دونیادا بگەڕێی تاکە یەک جوولەکە نادۆزیتەوە کە بە شان و باڵای هیتلێردا هەڵ بڵێ. لە دونیادا گرووپ و ڕێکخراو و سازمانی جوولەکە پەیدا دەبن و هەن کە ئیدئۆلۆژیی سەهیۆنیزمیان قبووڵ نیە، هەیانە سۆسیالیستە، هەیانە لیبراڵە، هەیانە مەزهەبیی توندە، هەیان لامەزهەبە، بەڵام تاکە یەک جوولەکەیان تێدا پەیدا ناکەی کە هیتلێری پێ «ڕۆشنبیر» بێ! نە بە تاک و نە بە ڕێکخراو هیچ جوولەکەیەک نیە کە پشتیوانی لە هیتلێر و نازیسم بکا و هەوڵی داپۆشینی تاوانەکانیان بدا. بۆیە جوولەکە وەک نەتەوەیەک کە دەتوانن بەرەوڕووی قەیرانەکان ببنەوە دەر دەکەون و کوردیش وەکوو نەتەوەیەک کە لە قەیران و هەڕەشەکاندا پەرتەوازەتر دەبێ، نمایش دەکرێ.

هەوڵی داپۆشینی تاوان و جینایەتەکانی خومەینی و کۆماری ئیسلامی، نەک لە ڕاستای بەرژەوەندیی نەتەوەییدا نیە و بە هیچ لۆژیکێکی سیاسی و نەتەوەیی پاساو نادرێتەوە، بەڵکوو ڕێک نیشاندەری کارەساتی نەتەوەییە.

دوای دوو ساڵ و نیو لە هەوڵەکان بۆ گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی! ئێستا گەیشتووینە خاڵی خولقاندنی کارەساتی نەتەوەیی بە دەستی خۆمان وەک نەتەوەی کورد.

# بۆچی گەشەکردنی زمانی دایکی پێویستە؟

شەماڵ تەرغیبی

پێناسە

لە کۆی ٦٧٠٠ زمان کە هەنووکە لە لایەن دانیشتووانی گۆی زەوییەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، نیزیک بە نیوەیان بەرەو لەنێوچوون هەنگاو دەنێن. بەم پێیەش دیاری کردنی ڕۆژی ٢١ی فێبریە وەکوو ڕۆژی جیهانیی «زمانی دایکی» لە لایەن یونسکۆوە، لە ڕاستیدا دژکردەوەیەکە بەو مەترسییە کە شارستانیەتی مرۆڤ لەگەڵیدا بەرەوڕوویە.

بەپێی پێناسەیەک کە لە زانستە مرۆییەکاندا بۆ ئەم دەستەواژە کراوە، زمانی دایکی بریتییە لە یەکەم زمانێک کە منداڵ پاش لەدایکبوون و لە ڕەوتی پێوەندی گرتن لەگەڵ دەوروبەری خۆی فێری دەبێت، کەواتە زمان تەنیا ئامرازێک بۆ پێوەندی گرتن نییە، بەڵکوو کەرەستەیەکە بۆ فێربوون و تێگەیشتنی «بوون» و بەم پێیەش شووناسی تاککەسی و بەکۆمەڵی هەر تاکێک دیاری دەکات. ئەگەر بەباری مێژووییەوە لە پرسی زمان بڕوانین، دەبینین کە ئەو زمان و بن زمانانەی کە ئەمڕۆکە بوونیان هەیە، بە درێژایی چەندین سەدە شکڵیان گرتووە و وێڕای شارستانیەتی مرۆڤەکان گەشەیان کردووە و هاوڕێ و هاوڕێبازی مرۆڤەکان بوون. کەواتە تا ڕادەیەک دەتوانین بەو ڕاستییە بگەین کە زمان ئاوێنەی مرۆڤناسانەی ئاڵۆزییەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە. لە ڕوانگەی زانستی سایکۆلۆژییەوە، زمانی دایکی یەکەمین و گرینگترین هۆکار و فاکتەرە لە ڕەوتی شکڵ گرتنی کەسایەتیی مرۆڤ و لە هەمان کاتیشدا لەنێوچوونی، کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کەسایەتیی تاکەکان.

پرسی زمانی دایکی لە ئاستی جیهانیدا

جیا لەوەیکە ڕێکخراوی فێرکاری، زانستی و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) پێشنیاری وڵاتی بەنگلادێش لەمەڕ دیاریکردنی ٢١ی فێبریە، وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیی خستە بەر دەنگدان و دەنگی ئەرێنیی بۆ وەرگرت، لە چەندین بەڵگەی نێونەتەوەییشدا، پرسی ئاماژەبۆکراو گرینگیی پێدراوە کە بەکورتی دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژەیان پێ بکەین:

١. ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، پەسندکراوی ١٠ی دێسامبری ١٩٤٨، مادەی ٢٦.

٢. میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەسندکراوی ١٦ی دێسامبری ١٩٦٦، مادەی ٢٧.

٣. کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە سیستمی پەروەردە و فێرکاری، پەسندکراوی ١٤ی دێسامبری ١٩٦٠ لە لایەن یونسکۆ، مادەکانی ١و ٢و ٣.

٤. کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان، پەسندکراوی ٢٠ی نۆڤامبری ١٩٨٩ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، مادەی ٣٠.

٥. کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی نژادی، پەسندکراوی ٢١ی دێسامبری ١٩٦٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان، مادەی ١.

٦. ڕاگەیەندراوی مافی کەمینە مەزهەبی، نەتەوەیی، ئێتنیکی و زمانییەکان، ڕێکەوتی ١٨ی دێسامبری ١٩٩٢، مادەکانی ٤و ٢و ١.

٧. ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی زمان، پەسندکراوی ساڵی ١٩٩٦.

٨. مەنشووری زمانی دایکی، پەسندکراوی ساڵی ١٩٩٦ی یونسکۆ، مادەکانی ١و ٢و ٣.

پرسی زمانی دایکی لە ئێراندا

بەبێ هیچ شک و گومانێک دەتوانین بڵێین لە یاساکانی ئێراندا، زمانی دایکی یەکێک لە، لەپەراوێزخراوترین پرسەکانە، کە هیچکات وەک پێویست گرینگیی پێ نەدراوە. سەرەڕای بەربلاویی لە ڕادەبەدەری کەمینە نەتەوەییەکان (لە باری ڕێژەوە) لە ئێران و هەبوونی چەندین نەتەوەی وەک کورد، تورک ئازەری، عەرەب، بەلووچ و.... زمانی ئەم پێکهاتە نەتەوەییانە هیچ جێگەیەکیان لە نێو سیستمی فێرکاریی ئێراندا نیە. لە حاڵێکدا کە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان دەریان خستووە کە سیاسەتی چەندزمانی لە کاروباری پەروەردەییدا، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ڕاگرتن و پەرەسەندن و گەشەکردنی فەرهەنگە نەتەوەییەکان هەیە و بە پێچەوانەی ئیدعای هەندێک کەس و لایەن (بۆ وێنە کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕەوتی پان ئێرانیستی) پرسی فێرکاری بە زمانی دایکی، نابێتە هۆکارێک بۆ لێک دوور کەوتنەوە یان جیابوونەوەی نەتەوەکان و زمانەکان. بۆ وێنە لە وڵاتی سوویس خەڵک بە ٤ زمانی ئیتالیایی، ئینگلیسی، فەڕانسەوی و ئاڵمانی دەئاخفن و هیچ کێشەیەکیش لە باری سیاسییەوە بۆ ئەم وڵاتە درووست نەبووە، بەڵام بە پێچەوانەوە گرینگی نەدان بە زمانی نەتەوەکان لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، گرفتی زۆر ڕیشەیی چێ کردووە. ئەوەیکە هەنووکە لە ئێراندا دەبیندرێت، چەشنێک لە پیرەوی کردن لە دۆکتۆرینی بەناوبانگی «ئادۆلف هیتلیری»ە کە دەیگووت: «ئەگەر دەتانهەوێ نەتەوەیەک لەنێو ببەن، سەرەتا زمانەکەی لێ بستێننەوە». هۆکاری ئەم قسەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمان جیا لە کاریگەرییەکانی لەمەڕ قەوارەگرتنی کەسایەتیی تاککەسی، باندۆڕ و شوێندانەریی ڕاستەوخۆشی لەسەر شووناسی نەتەوەیی دەبێت.

ئەگەر زمانی دایکی لەنێوبچێت، بەرەبەرە مێژووی نەتەوەش لەبیر دەکرێت و هەلپەرستان بە دەس ئاوەڵەییەوە سەرقاڵی بەلارێدابردنی مێژووەکەی دەبن، بەم شێوەیەش زەین و ئاوەزی ئەو نەتەوە تووشی دارمان و نەخۆشی دەکەن؛ بەرهەمی ئەم حاڵەتەش لەنێوچوونی ئارام و بێدەنگیی هەموو تەوەر و ئالیەکانی ژیانی ئەو نەتەوەیە.

سیاسەتی لە پەراوێزخستن و گرینگی نەدان بە زمانی دایکی، وێنایەکی ڕاستەقینەی دەکارکردنی توندوتیژی سیمبۆلیکە لە دژی منداڵان (نەوەی نوێ) کە چەشنێک لە سووکایەتی کولتووری لێ دەکەوێتەوە. ڕوونە کە فێربوونی هەر زمانێک پێویستی بە تێپەڕاندنی ٤ قۆناغ هەیە: بیستن، ئاخاوتن، خوێندن و نووسین. ئەگەر کەسێک لە ڕەوتی فێربوونی زمانەکەیدا (زمانی دایکی) ئەم ٤ قۆناغە تێنەپەڕێنێت، ئەوا تووشی لاوازی لە فێربوون دەبێت و لە درک کردنی ڕاستییەکان دوور دەکەوێتەوە. ئەنجامی ئەم حاڵەتەش بریتییە لە لاوازیی کەسایەتی. واتە تایبەتمەندییە ڕەوانی و ئەخلاقییەکان بەلای نێگەتیڤدا دەشکێنەوە و بەم شێوەیە ترس، شەرمێونی و خەمۆکی لە ناخدا شکڵ دەگرن. ڕوونیشە کەسێک بەم تایبەتمەندییانەوە ناتوانێت پێوەندییەکی درووست و بەکەڵک لەگەڵ کۆمەڵگا درووست بکات. لە بەرامبەردا، کۆمەڵگاش وەها تاکێک بە کەسێکی نائاسایی بەئەژمار دێنێت و لە ئاکامدا مەودای نێوان تاک و کۆمەڵ زیاد و زیاتر دەبێت. دەرهاویشتەی ئەم هاوکێشەش دەبێتە ئەوەیکە یەکگرتوویی فیکری، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی پیک نایەت و کۆمەڵگە لە گەیشتن بە ویست و داخوازەکانی بەردەوام لەگەڵ ئاریشەی نوێ بەرەوڕوو ببێتەوە. ئەوەیکە لێرەدا خرایە بەرباس بەشێکە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە «بۆچی کۆماری ئیسلامی ئێزن بە گەشەکردنی زمانی دایکی لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا نادات

# ماستێر پلانی نوێ و چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە

عارف وەلزی

کوژرانی دوو پۆلیسی تورکیە لە شارێکی مەرزیی ئەو وڵاتە، چەخماخەی سەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان گریلاکانی «پ ك ك» و ئەرتەشی تورکیەی لێدایەوە و، بە کردەوە هەوڵ و ماندووبوونی سێ ساڵەی هەردوولای، لەمەڕ بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتەدا، بە «با» دا و پرۆسەکە بە فەرمی شکستی هێنا. بەم شێوەیە قۆناغێکی نوێ و پڕ ژانی شەڕ لە کوردستانی باکوور هاتۆتە ئاراوە کە دوای دەربازبوونی چەند مانگێك بەسەریدا، سەرەڕای ئەوەی کە هەردوولا زەرەری گیانیی و مادیی زۆری لێ دەبینن، بەڵام قوربانیی سەرەکیی ئەو شەڕ و ململانێیە، خەڵکی سڤیل و مەدەنیی ئەم بەشە لە خاکی کوردستانن کە تا ئێستا، بە دەیان و بە سەدان گەنج و ژن و منداڵ لە ناوچەکانی شووری ئامەد و نسێبین و جزیرەی بۆتان و شرناخ و ...هتد، بوونەتە قوربانی و بە دەیان هەزار کەسیش ماڵ و حاڵیان بەجێ هێشتووە و ئاوارەی شوێنە ئارامەکان بوون و شار و گوندەکانیان لە ژێر تۆپبارانی سپای تورکیەدا وێران بوون.

دوای ئەو گرژیی و ئاڵۆزیانەی تورکیە، بۆ جاری سێهەم لەم چەند ساڵەی دواییدا، سەرۆکوەزیرانی تورکیە «ئەحمەد داوودئۆغڵوو» لە سەردانێکی بۆ شاری ماردین لە کوردستانی باکوور، پاکەتێکی (پڕۆژە) نوێی دە خاڵیی بە نێوی «پلانی بە کردەوەیی لە دژی تیرۆر» کە لە میدیاکانی تورکیەدا بە «ماستەر پلان» بانگەوازی بۆ کرا، پێشکەش کرد.

دیارە ئەو پاکەتە نوێیەی سەروکوەزیرانی تورکیە هاوکات بوو لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسێکی نەتەوەیی کورد لە ژێر ناوی «کۆنفڕانسی کۆتایی هێنان بە شەڕ و پێرسپێکتیڤەکانی چارەسەری»، کە لە شاری ئامەد و بە مەبەستی پێکهینانی یەکگرتوویی نەتەوەیی و خستنەڕووی گۆتارێکی هاوبەش لە نێو هەموو قەوارە و پێکهاتەکانی کورد لە کوردستانی باکوور بەڕێوە چوو، تاکوو لەوە بەدواوە هەموو حیزب و لایەنەکانی کورد لە تورکیە، یەك دەنگ و یەك هەڵوێست لە بەرانبەر دەوڵەتی تورکیەدا داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد بکەن، هەر ئەوەی کە زۆربەی کاتەکان دەوڵەتی تورکیە وەکوو خاڵێکی لاوازی گەلی کورد مانۆڕی لەسەر دەدات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە کورد لە تورکیە خاوەنی یەك داخوازیی دیاریکراو نیە. هەرچەند سەرەڕای ئەوەی کە هەموو حیزبەکانی کوردستانی باکوور کە لە هەشت حیزبی سەرەکی پێك دێن، بۆ ئەم کۆنفڕانسە بانگهێشت کرابوون، بەڵام بەداخەوە «پە کە کە» و «هەدەپە» جارێکی دیکە سیاسەتێکی هەڵەیان گرتە پێش و ئەم کۆنفڕانسەیان بایکۆت کرد و تەنانەت بە خراپەش باسیان لێوە کرد.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە هەندێك لەسەر پاکەتە نوێیەکەی داوودئۆغڵوو و هاوکات کۆنفڕانسی پارتە کوردییەکان لە ئامەد بدوێم کە دەتوانم بڵێم لە بەرانبەر یەکتر ڕاوەستان و وەڵامی یەکتریان دایەوە. لە پاکەتە دە خاڵیەکەی حکوومەتدا کە لە لایەن میدیاکانی سەر بە حکوومەتەوە بانگەشەی پۆزێتیڤ و شرۆڤەی جۆراوجۆری بۆ کرا، بە گشتی چەند خاڵی جێگەی سەرنج هەن کە دەکرێ پێداگرییان لەسەر بکەی. بۆ نموونە لە خاڵێکدا هاتووە کە سەرەتا حکوومەت دەبێ بە تەواوی ئەمنییەت و ئاسایشی شارەکان بگرێتەوە دەست و بیانپارێزێت، جا دووایە هەنگاوی دێموکراتیك هەڵبگرێت. یا ئەوەی کە لە خاڵێکی دیکەدا باس لەوە دەکات کە چیدی بەردەنگی دەوڵەتی تورکیە بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیەدا، ئۆجەلان و قەندیل نین. لە خاڵێکی دیکەدا دەوڵەت باس لە گۆڕانکاریی یاسای بنەڕەتی پارێزگا و شارەوانییەکان دەکات. لە خاڵێکی دیکەدا باس لە قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانە دەکات کە بە هۆی شەڕەوە ئاوارە بوون و هەروەها لە باس لە ئاوەدانکردنەوەی شار و گوندەکان دەکات دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە و لە هەموویان گرینگتر، تەنانەت بۆ یەك جاریش باس لە کوردستان و پرسی کورد لە تورکیەدا نەکراوە.

بەڵام «کۆنفڕانسی کۆتایی هێنان بە شەڕ و پێرسپێکتیڤەکانی چارەسەری»، سەرەڕای ئەوەی کە لە لایەن «پەکەکە» و «هەدەپە»وە بایکۆت کرابوو، بە یەك گوتار و یەك هەڵوێست، وەڵامی پاکەتەکەی حکوومەتی تورکیەیان دایەوە و ڕایانگەیاند کە، نابێت ڕووی حکوومەت تەنیا لەو کۆنفڕانسە و ئەو چەند حیزبەی بەشدار لەو کۆنفڕانسەدا بێت، چوونکە هیچ پڕۆژە و پاکەتێك بەبێ «پەکەکە» سەرکەوتوو نابێت و دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین کە «پەکەکە» سەرەکیترین و بەهێزترین هێزی سیاسیی کوردستانی باکوورە و دەبێ لە ڕەوتی دانووستان لەگەڵ تورکیە، ڕۆڵی خۆی ببینێت.

کۆنفڕانس هەروەها ڕاگەیاندنی ئاگربەستی یەك لایەنەی بە ئەستەم بینی، بۆیە داوای ڕاگرتنی شەڕ لە باکووری کوردستانی لە هەردوو لایەن «پەکەکە» و ئەرتەشی تورکیە کرد تا کوو بەم شێوەیە ڕێگە لە کوشتاری زیاتری خەڵکی سڤیل و بێ تاوان و وێرانبوونی زیاتری کوردستان بگرن. هەروەها هەندێك چالاکڤانی سیاسی و شارەزا لە دۆخی سیاسی کورد لە تورکیە، لێدوانی جۆراوجۆر دەدەن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە، ئەو خاڵەی کە باس لە پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی شار و گوندەکان دەکات، هەر بە واتای درێژەدان بە سیاسەتی توندوتیژیی و کوشتاری خەڵکی بێ تاوانە لە ژێر ناوی پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایش دێت. بەشێکیان هەروەها دەڵێن کە گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی تایبەت بە دەسەڵاتی پارێزگا و شارەوانییەکان، لە ڕاستیدا مەبەستدارە بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەند و هاوکات بێ دەسەڵات کردنی شارەوانی و پارێزگاکان. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، سەرەڕای ئەوەی کە پارتی دەسەڵاتدار لە تورکیە واتە «ئاکەپە»، بە ئامانجی چارەسەری نیسبیی پرسی کورد لە تورکیە پڕۆژەی ئاشتیی سێ ساڵ لەوە پێشی خستە ڕۆژەڤی سیاسەتی تورکیە و لە کۆتاییدا بە هەندێك هۆکاری ڕوون و ئاشکرا پرۆسەکە لەگەڵ شکست بەرەو ڕوو بوو، بەڵام هەر وەك شرۆڤەکاران باسی دەکەن، پاکەتی نوێی داوودئۆغڵوو کە لە شاری مێردین ڕاگەیەندرا، سەرکەوتوو نابێت، چوونکە تەنیا بەرژەوەندییەکانی تورکیە دەپارێزیت و تەنانەت هیچ باسێك لە پرسی کورد لەو وڵاتەدا ناکات کە خاوەنی نیزیك بە ٢٠ میلیۆن کەس حەشیمەتە و هاوکات زیاتر لە سەدەیەکە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەبات دەکات و لەو پێناوەدا بە دەیان و بگرە سەدان هەزار ڕۆڵەی خۆی کردۆتە قوربانی.



# بەردەوامی ستەمی نەتەوایەتی، پێویستی بە دیکتاتۆرییە

سەلام ئیسماعیلثوور
و: ئەرسەلان یارئەحمەدی

سەرکوتی بەردەوامی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێراندا و بەرزبوونەوەی ڕۆژانەی گوشاری ئەمنیەتی و سیاسەتی میلیتاریزەکردن لەو ناوچانەی کە ئەو نەتەوانە تێیدا دەژین، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەرخەری ئەوەیە کە بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی درۆیین لە سەر نەبوونی کێشە و گرفت لەو پەیوەندییەدا، ڕێژیم هێشتا و هەر ڕۆژ زیاتر لە دوێنێ، ناکۆکی و کەلێنە نەتەوەییەکان بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر مانی خۆی دەزانێت. سیاسەتەکانی ڕابردوو و ئێستای ڕێژیم نەك هەر یارمەتیی بە چارەسەری و لابردنی ئەو ناکۆکی و کەلێنانە نەداوە، بەڵکوو بۆ خۆی هۆکار و پاڵنەریان بووە و زیاتر بەنزینی بە سەر ئاگرەکەدا کردووە.

بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ئێستا سیاسەتی سەرکوتی پەتی و ڕووت و گشتگیر دژ بە هەر شتێك کە ڕەنگ و بۆی نەتەوەیی بدات، ڕیزبەندیی هەموو سیاسەتە دەرەکی و نێوخۆییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی خستووەتە ژێر باندۆری خۆی و ئاراستەیان دەکات.

لە بواری نێوخۆییەوە ئەستەمە بتوانین قوژبنێك لە فەرهەنگ و کرداری سیاسیی ڕێژیمدا بدۆزینەوە کە هێمایەك لە پەلەقاژەی شەرمێونانەی ئیمپراتوورییەکی داگیرکەری ڕوو لە مەرگی پێوە دیار نەبێت کە بە بەربەرەکانێ لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ژێر دەست بۆ وەدواخستنی هەڵوەشانەوەی خۆی تێدەکۆشێت.

بۆ وێنە دەتوانین بڵێین کە ئابووری لە ئێراندا ئۆرگانیزمێك لە شێوەی ئەژدیهایە کە بە واتای پۆمپاژی سەرمایەکان، سەرچاوە و هێزە مرۆییەکان (چ هێزی پسپۆڕ و چ هێزی کاری دەستی) لە نیشتمانی نەتەوە ژێر دەستەکان و ناوچە پەراوێزەکانی مەحکووم بە بەلالێدراوی و هەژاری و نەبوونی تەناهییەوە (بەهۆی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی خودی ڕێژیم) و هەناردەکردن و تەزریقی بۆ ناوەند و دڵی ئەم ئەژدیهایەیە کە درێژەدانی ژیانی خۆی گرێ داوە بە پەرەپێدانی ئەو ڕەوتە ستەمکارانەیەوە و بەشیکی بەرچاو لە پۆتانسێلە ئابوورییەکانیش لە پێناوی درێژەدان و پێشخستنی ئەم سیاسەتەدا بە فیڕۆ دەچێت و ئابووریی وڵات ڕێگای گەشەسەندن و پێشکەوتن ون دەکات. چونکوو درێژەدانی تەمەنی وەها ئابوورییەکی نەخۆشی مشەخۆرانە گرێ دراوە بە چاوپۆشیکردن لە پێویستیی گەشەی ئابووری و لە ئاکامدا وازهێنان لە گەشەپێدانی سیاسی. بەو واتایە کە نابێ چاوەڕوان بین لە سکی ئاوساوی زالووی ئابووریی ئێران، کۆرپەیەکی وەك دێموکراسیی سوویس یان تەنانەت پاکستان بێتە دنیا.

ناکرێ بە حاشاکردن و درێژەدانی ستەمی نەتەوەیی، بگەیتە دێموکراسی و گەشەسەندن و حکوومەتی یاسا. ئەمە ڕاستییەکە کە چالاکانی نەتەوەی باڵادەست بە ئەنقەست یان لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە بە خەمساردی لە تەنیشتی تێدەپەڕن و بە هیوای دۆزینەوەی ڕێگای کورتتر و پڕتێچووتر و نارووتری گەشەسەندن، پەردە گەورەکانی پێش و پاش خۆیان دەتەقێننەوە. هەروەها فەرهەنگ لە ئێراندا کە لە ڕاستیدا دەبێ شوێنی ئاڵوگۆڕی ژیار و پێکەوەژیان و تۆلێرانسی زیاتر بێت، بە کردەوە بووەتە گۆڕەپانی ڕمبازێنی ئیدئۆلۆژییە شۆڤێنیستی و مەزهەبییەکانی دەسەڵات و حاشاکردن لە جۆراوجۆرییە فەرهەنگی و نەتەوەییەکان و تواندنەوەی تەواویان لە فەرهەنگ و ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدا.

پێویستیی دەسەڵات و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست بە خۆسەپاندن و حاشاکردن لە کەسانی دیکە کە لە لاوازبوونی ئەو فەرهەنگەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك هەر نەبووەتە هۆی گەشەی فەرهەنگیی پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبیی خاوەن دەسەڵات، بەڵکوو بە کردەوە بووەتە هۆی گرێدراویی بە ئیدئۆلۆژییە حاشالێکەر و خۆسەپێنەکانەوە هەتا لەو ڕێگایەوە سەرووەری و لەپێشبوونی خەیاڵاویی فەرهەنگی خۆت بسەلمێنێت. بە واتایەکی دیکە پێویستیی درێژەدانی دەسەڵات و داگیرکاری، نەتەوەی خاوەن دەسەڵاتی وا لێ کردووە کە بەردەوام سەرقاڵی بەرهەمهێنانەوەی زیاتری فەرهەنگێکی دیکتاتۆرلێدراو و خۆبەزلزان بێت کە لە درێژماوەدا بۆتە بەڵای گیانی خۆی و لەمپەرێکی گەورە لە سەر ڕێگای ئازادیی ئێران.

هەروەها لە ماوەی یەك سەدەی ڕابردوودا، پێویستیی نەتەوەی باڵادەست بە درێژەدانی زاڵبوون بە سەر نەتەوەکانی بەندکراو لە جوغرافیای ئێراندا، بووەتە هۆی ئەوەی کە چەمکی «نیشتمانپەروەری» نەك لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیانییەکان، بەڵکوو لە دژایەتیکردنی نەتەوە ژێردەستەکاندا پێناسە بکرێت. واتە مەترسیی ڕاستەقینە بۆ سەر ئێران، لە ڕوانگەی فەرهەنگی سیاسیی دەسەڵاتەوە، نەك هێرشی دەرەکی بۆ سەر خاکی ئێران، بەڵکوو دابەشبوونی ئێران لە لایەن نەتەوە ژێردەستەکانەوە بووە.

هەر بۆیە، دوو ئەرتەشی شاهەنشاهی و کۆماری ئیسلامی و هەروەها سوپای پاسداران بە کردەوە بوونەتە ئامرازێك بۆ سەرکوتی نێوخۆیی و تەنیا لە نێو سەرکوتەکانیان دژ بەم نەتەوە ژێردەستانەدا دەتوانن بۆ سەرکەوتن و ڕووداوێك بگەڕێن کە خۆیانی وەکوو سوپایەکی ئازا و لێهاتوو پێ هەڵبکێشن، چوونکە لە بەرانبەر هێرشی دەرەکیدا نەیانتوانیوە ئازایەتییەك بنوێنن کە شایانی گێڕانەوە بۆ مێژوو و فەرهەنگی دەسەڵاتی شۆڤینیستیی خۆیان بێت.

بۆ نیشاندانی گرینگیی مەسەلەکە، وەبیرهێنانەوەی ئەو بابەتە بەسە کە لە سەردەمی شاهەنشاهیدا، ڕۆژی ٢١ی سەرماوەز کە ڕۆژی سەرکوتی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئازەربایجان و دواتر کوردستان بووە و وەکوو ڕۆژی «ڕزگارکردنی ئازەربایجان» ناوی لێ دەبەن، وەکوو ڕۆژی «ئەرتەش» دیاری کرابوو. لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش لە گەرماوگەرمی لەسێدارەدان و پاکتاوی خوێناویی بەرپرسانی ئەرتەشدا کە دەنگۆی هەڵوەشانەوەی ئەرتەش زار بە زار دەگەڕا، ئەرتەشی دژی گەلیی شا بۆ ئەوەی وەفاداریی خۆی بۆ ڕێژیمی نوێ بسەلمێنێت، لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و فڕۆکە و تۆپخانەکانی کە هیچ کات لە گۆڕەپانی شەڕێکی ڕاستەقینەدا دژ بە دوژمنانی بیانی تاقی نەکرابوونەوە، بۆ بۆردمانی شاری سنە و کوشتاری خەڵکی مەدەنی ڕەوانەی کوردستانی کران.

خێرایی و بەربڵاویی هەوڵەکانی ئەم ئەرتەشە لە مرۆڤکوژیدا بۆ ڕێژیمی نوێ تا ئەو جێگایە بوو کە خومەینی و ڕێژیمەکەی لە پڕێکدا عابای ئیسلامییان بە سەر شێنێلی سەربازیی ئەرتەشدا کرد و وەکوو «ئەرتەشی مەکتەبی» واتە «لە ڕەگەزی خۆیان» ناویان برد و ڕەزامەندییان بە نیسبەت مانەوەی ئەرتەش دەربڕی.

ئاوەها بوو کە جەللادەکەی جەماران هاتە گۆ و وتی: «لە ئێستادا دژایەتی لەگەڵ ئەرتەشی ئیسلامی کە پارێزەری سەربەخۆیی و پاسەوانی سنوورەکانە کارێکی نابەجێیە، ئێمە و ئێوە و ئەرتەش، برایانە دەبێ بۆ مانەوە و تەناهیی وڵاتمان هەوڵ بدەین و کۆتایی بە ئاژاوەگێڕی و ئاژاوەگێڕان بێنین».

ئەم پەیامە و ئەو ناودێرکردنە پشتڕاستکردنەوەی سەر لەنوێی «گرینگیی سەرکوتی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران» وەکوو ئەرکێکی سەرەکیی ئەرتەش بوو کە دەری دەخست ئەرتەشی ئێران بە پێچەوانەی نەریت و یاسا باوە نێونەتەوەییەکان تەنیا گاردێکی سەرکوتی نیوخۆییە. سوپای پاسدارانیش کە چ بە کردەوە و چ لە ڕووی تیۆری و بەرنامە و پێڕەوی خۆیەوە، لە ڕاستیدا بە ئامانجی پاراستنی شۆڕش (ڕێژیم) لە هەمبەر مەترسیی ڕووخان هاتە ئاراوە کە گرینگیی زیاتری «سەرکوت نێوخۆیی» بە بەراورد لەگەڵ «شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی دەرەکی» وە بیر دێنێتەوە.

تەنانەت لە سیاسەتی دەرەکیشدا ڕۆڵی بەرچاوی سپای پاسداران و بریگادی مرۆڤکوژیی ئەو سپایە لە دەرەوەی سنوورەکان (سپای قودس) لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا بەتایبەتی لە ناوچە و لە پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانی ئێراندا، بە مەبەستی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەگەری هەرچەشنە بەهێزکردنێکی بزووتنەوەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانەوەیە کە لە ئێستادا ئەو ڕێکخراوەی کردووە بە چالاکی بێ‌ڕکابەر لە بواری سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمدا و بە کردەوە کۆنترۆڵی لە دەستی دەزگای دیپلۆماسیی ڕێژیم دەرچووە. لە وەها کۆمەڵگایەکدا کە پێکهاتەی باڵادەست و سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و گوتاری دەسەڵات، مانەوەی خۆی لە هەر بوارێکەوە گری داوە بە تواندنەوە و حاشاکردن لە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و ملدان بۆ هەر ڕێککەوتنێك لەگەڵ بیانییەکان و ڕێك نەکەوتن لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکانی خۆی بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە شوناسی ئەو سیستمە و تەنانەت ئۆپۆزێسیۆن و ڕۆشنبیرانی دوورخراوی نەتەوەی باڵادەستیش لەو بوارەدا لەگەڵ ڕێژیم یەکدەنگن و داکۆکی لە «دێمۆکراسی کێسەڵی و دڵۆپ دڵۆپ، بە بێ لە بەرچاوگرتنی مافەکانی زۆرینەی خەڵك» دەکەن، دەکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە لەنێوچوون و هەڵوەشانەوەی ڕێژیم ببێتە هۆی ڕوودانی تەقینەوەیەك لە جۆری یەکیەتیی سۆڤێت و یۆگوسلاویی پێشوو، چونکە گوتاری پاوانخواز و نەگۆڕی دەسەڵات هەرچەشنە دابینبوونی مافێکی پێ قبووڵ ناکرێ و مانەوەی خۆی بە مانەوەی ئێرانەوە گرێ داوە و بەرپرسایەتیی ئەم هەڵوەشاندنەوەش لە داهاتوودا لە ئەستۆی ئەم گوتارە دەسەڵاتخواز و خۆبەچەق زانەیە.

> **لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا، پێویستیی نەتەوەی باڵادەست بە درێژەدانی زاڵبوون بە سەر نەتەوەکانی بەندکراو لە جوغرافیای ئێراندا، بووەتە هۆی ئەوەی چەمکی «نیشتمانپەروەری» نەک لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیانییەکان، بەڵکوو لە دژایەتیکردنی نەتەوە ژێردەستەکاندا پێناسە بکرێت**






## سولەیمان کەلەشی:
# «خەڵک لە نێو ئەو کەسانەدا نوێنەر هەڵدەبژێرن کە سیستمی ویلایەتی فەقیە بۆیان دیاری دەکات».

هەڤپەیڤین: شەهاب خالیدی

**مژاری «هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی» لە وتووێژێکدا لەگەڵ سولەیمان کەلەشی چاودێری سیاسی**

**پرسیار: بە بڕوای ئێوە هەڵبژاردن لە ئێراندا بە شێوەیەکی ئازاد و دێموکراتیک بەڕێوە دەچێ؟**

**وەڵام:** نە، هیچ هەڵبژاردنێك لە ئێراندا دێموکراتیك نیە. چوونکە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران تەنیا شیاوبوونی ئەو کاندیدانە قبووڵ دەکەن کە سەر بە وان بن و دواتریش ڕادەگەیەنن کە دەبێ خەڵك نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن. سیستمی زاڵ لە ئێراندا سیستمێکی دیکتاتۆر و ئیدئۆلۆژیکە و بێجگە لە بیروبۆچوونی خۆیان ناتوانن هیچ بۆچوونێکی دیکە قبووڵ بکەن.

بۆ خەڵکی جیهان بەگشتی و بۆ خەڵکی ئێران بە تایبەتی ئاشکرا بووە کە جیناحی حاکم لە ئێراندا، بە ڕێبەریی عەلی خامنەیی و سوپای پاسداران، نە تەنیا هیچ بۆچوونێکی جیاواز لە بۆچوونی ویلایەتی فەقیە قبووڵ ناکات، بەڵکوو ئەوانەی کە بڕوایان بەو سیستمەش هەیە، بەڵام سەلیقەی جیاوازیان هەیە، تەحەمول ناکات. واتە لە فەلسەفەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوە جێی نابێ، کە خەڵك بەبێ ترس و لەرز بڕۆنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن.

**پرسیار:** بە بڕوای ئێوە لەگەڵ هەموو ئەو بەربەستانەش، بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکانی ئێران بڕیارێکی دروستە؟

**وەڵام:** هەڵبژاردنێك کە لە ژێر سێبەری وەلیی فەقیە و بە دانانی ئەو هەموو فیلتێرە بەڕێوە بچێ، ناتوانێ ئازاد و دێموکراتیك بێ و خەڵکیش ناتوانن نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان بنێرن بۆ مەجلیس، کە واتە بایکۆت بڕیارێکی بەجێ و لۆژیکانەیە. ئەوانەی کە خەبات بۆ ئازادیی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری دەکەن، نابێ بە چوونە سەر سندووقی هەڵبژاردنەکان، ڕەوایی بەو ڕێژیمە و سیاسەتەکانی ببەخشن.

بەڵام ڕەخنەم لە هێندێك لە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە کە تەنیا قەناعەت بە نووسینی ڕاگەیەندراوی بایکۆت کردنی هەڵبژاردن دەکەن و هەموو هێزی خۆیان بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردن بە کار ناهێنن. لە لایەکی دیکەشەوە ئەوانەی کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیش دەکەن، یەکگرتوو و یەکدەنگ نین و ناتوانن ئەو دەرفەتانەی کە لە هەلومەرجی هەڵبژاردنەکاندا دروست دەبن لە ڕاستای گەیشتن بە ئامانجەکانیان بقۆزنەوە. بەڵام هەر وەك دەزانین ڕێژیم هەموو هێز و ئیمکاناتی خۆی بەکاردێنێ بۆ گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردنەکان و تەنانەت لە هەستی نەتەوەیی و مەزهەبیش کەڵك وەردەگرێ.

**پرسیار:** نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران، چەندە توانیویانە خزمەتی خەڵکی خۆیان و شارەکانیان بکەن؟

**وەڵام:** کورد لەو مەجلیسەدا نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی نیە. هەر وەك لە سەرەتادا باسم کرد، خەڵك لە نێو ئەو کەسانەدا نوێنەر هەڵدەبژێرن کە سیستمی ویلایەتی فەقیە بۆیان دیاری دەکات. بۆیە نەتەنیا نوێنەرە کوردەکان، بەڵکوو هەموو نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، ناتوانن لە دەرەوەی بیر و هزر و ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیە هیچ گۆڕانکارییەك بکەن.

**پرسیار:** ئاخافتنە دژ بە یەکەکانی نێوان ڕووحانی و خامنەیی دەتوانێ نیشانەی بوونی کێشەگەلێکی جیددی لە نێوانیاندا بێ؟

**وەڵام:** ئەوان لە سەر پاراستنی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمەکەیان ناکۆکیی سیاسی و ئیدئۆلۆژییان پێکەوە نیە و ئەگەریش ناکۆکییەك هەبێ، ئەوە لە سەر مەسەلەی جیناحیە و هەر یەکێکیان لە هەوڵی ئەوەدایە کە کەسانی سەر بە خۆیان بهێننەوە مەیدان.

لە لایەکی دیکەوە ڕەتکردنەوەی شیاویی هێندێك لە بەربژێرەکان بۆ گەرم ڕاگرتنی تەنووری هەڵبژاردنەکان و هێنانەوەی خەڵکە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان. هەر بۆیەش خامنەیی دەڵێ، تەنانەت ئەوانەی کە بڕوایان بەو نیزامەش نیە، دەتوانن دەنگ بدەن، چوونکە بۆ کاربەدستانی ئەو ڕێژیمە درێژتربوونی ڕیزی خەڵك لە سەر سندووقەکان گرینگە، نەک ئەوەی کە کێ لە سەر سندووقەکان ئامادە بووە.

**پرسیار:** ئەمجارەیان ڕێژیم چ تاکتیکێکی نوێی پێیە بۆ هێنانەوەی خەڵك بۆ سەر سندووقەکان (چونکە لە هەڵبژاردنی پێشوودا، هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و هەڵبژاردنی شووڕای گوند و شارەکانیان خستە گەڵ یەك، بۆ گرمکردنی تەنووری هەڵبژاردنەکان).

**وەڵام:** هەروەك دەزانین ڕێژیم هیچ وتەیەکی نوێی پێ نیە بۆ هێنانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، بێجگە لەوەی کە باس لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بکەن کە ئەویش خەڵك باجێکی گەورەیان لە سەر داوە.

هەرچەند کە سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆتە هۆی بێکاری و زوڵم و زۆرداری و برسییەتی و بێچارەیی خەڵك، بەڵام ڕێژیم زۆر زیرەکانەتر و باشتر لە دژبەرانی خۆی کار لە سەر خەڵك دەکات و دەتوانێ بە شانۆگەریی جۆراوجۆر و بەبەرچاو نیشاندانی هەبوونی جیناحی جۆراوجۆر و کەڵکوەرگرتن لە هەستی نەتەوەیی و مەزهەبی، خەڵك بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام بە داخەوە ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە بە باشی دەرفەتەکان بۆ ئامانجە سیاسییەکانی بقۆزێتەوە.

**پرسیار:** بە بۆچوونی ئێوە «بەرەی یەکگرتووی کورد» دەتوانێ وەك «ە.د.پ» ببێتە هێزێکی کاریگەر لە سەر ئاستی کوردستانی ڕۆژهەڵات؟

**وەڵام:** نەخێر، ئەوان ناتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن، بە چەند هۆیەك:

یەکەم: سیستمی دەسەڵاتداریی تورکیە بە تەواوی جیاوازە لە هی ئێران.

دووهەم: لە تورکیە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵك لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. هەروەها «ە.د.پ» وەك پارتێکی یاسایی لە پارلەمان و لە دەرەوەی پارلەمان زۆر بە باشی بەرگری لە گەلەکەی دەکات. بەڵام لە ئێراندا ڕەنگبێ نوێنەرانی کورد بتوانن بە جلوبەرگی کوردی بڕۆنە مەجلیس، بەڵام ناتوانن بە بیرێکی کوردانە و بە شێوەیەکی جیدی کار بۆ پرسی کورد بکەن و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن. ئەوان تەنانەت ئامادە نین جارێکیش بۆ بەرگری لە مافەکانیان بڕۆنە بەردەم دادگا، بەڵام «ە.د.پ»ییەکان بە هەموو هێزی خۆیانەوە کار بۆ پرسی نەتەوەکەیان دەکەن. هەر بۆیەش جارێ ئەوان-بەرەی یەکگرتووی کورد- ناتوانن ببن بە «ە.د.پ» بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات. بەڵام بە بڕوای من ئەگەر ئەوان کار و خەبات بۆ پرسە نەتەوەییەکان بکەن، خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش وەك کوردی باکووری کوردستان پاڵپشتییان دەکەن.



# گەلی کورد لە گێژاوی سیاسیی هەڵبژاردنەکانی ئێراندا

چەنگیز شکاک

هەڵبژاردنەکانی ئێران هەردەم خاڵە گۆڕانێکی بەرەو دواوە بۆ پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە کە متمانە و ئاستی دەستڕۆیشتوویی ڕێژیمی لە ناوچە کوردییەکان زیاتر کردووە و توانیویەتی بەهەندێ سیاسەتی زیرەکانەی وەك دروستکردنی ڕکابەرایەتی لە نێوان پاڵێوراوانی ناوچەیی، زەمینە بۆ بەشداری کردنی خەڵکێکی زیاتر لەسەر سندووقەکانی دەنگدان خۆش بکات.

لە کەس شاراوە نییە کە هەڵبژاردنەکانی ئێران بە درێژایی تەمەنی کۆماری سێدارە، لە جیاتی ئەوەی کە دەرفەتێك بۆ خستنەڕووی پرسی کورد و بەرجەستە کردنی خواستە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بێت، بۆتە ئامرازێکی سیاسی و یاسایی بە دەست دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە کە تەنیا لەسەر ئاستی نێوخۆیی نێوان باڵەکانی پێکهێنەری ڕێژیم هەندێ دەرفەت بە کەسەکانیان دراوە، کە ئەویش تەنیا بۆ پاراستنی هاوسەنگیی نێوانیان بووە، بەم شێوەیە کە ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکار بەدەستی باڵێکی ڕێژیمەوە بوبێت، بە بەکارهێنانی میکانیزمە سیاسی و یاساییەکانیان، کەشوهەوایەك دەخوڵقێنن کە باڵێکی دیکە، بۆ نموونە دەسەڵاتی یاسادانان بەدەستەوە بگرێت. هەر وەك ئەوەی کە مافی خۆ پاڵاوتنی بەشی هەرە زۆری پاڵێوراوانی ڕیفۆرمخوازی نێو دەسەڵات لە لایەن ئەنجومەنی پاراستنی دەستوورەوە ڕەتکرایەوە، بۆ ئەوەی کە پەرلەمان لە بەرانبەر حکوومەتی ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات بکەوێتە دەست کۆنەپارێزانی.

پێش ئەوەی کە باس لە هەڵبژاردن لە چوارچێوەی کۆماری سێدارە بکرێت، پێویستە جیاوازیی نێوان هەڵبژاردنەکانی ئێران و وڵاتانی خاوەن دێموکراسیی ڕاستەقینە دەستنیشان بکرێت کە ئامانج و ئاراستەی هەر کامەیان بە چ شێوازێکە.

هەڵبژاردن لە ڕاستیدا گۆڕەپانی خەباتێکی سیاسی و مەدەنییە بۆ بەدەستەوە گرتنی ئاشتییانەی دەسەڵات، یان جێگۆڕکێی نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی وڵات کە هەر کامەیان بە پلان و پرۆژەی جیاواز بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بەشداری هەڵبژاردن دەبن، بەبێ ئەوەی کە هێز و میکانیزمە نارەواکانی ئایینی، سەربازی، ئەمنی و سامانی گشتی بۆ مەرامە سیاسییەکانیان بەکار بێنن.

هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بۆ گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات یان بەشداری کردنی ڕاستەقینەی خەڵك لەڕێی نوێنەرەکانیانەوە نیە، بەڵکوو چوارچێوەیەکی بەیاسا دارێژراوە بۆ پاراستنی ویلایەتی فەقیە، کە پێویستە ئامرازە جیاوازەکانی سیاسی، ئەمنی و ئایینی لە کات و شوێنی گونجاودا بۆ پاراستنی ڕێژیم بەکار بهێنرێن. هەڵبژاردنەکانی ئێران لە جیاتی ئەوەی کە ئازادی بۆ خەڵکی ئێران مسۆگەر بکەن و ڕێگە بە بەشداری کردنی بیر و ڕای جیاواز لە دەسەڵات و سەنتەرەکانی بڕیاردان خۆش بکات، بووە بە ئامرازێکی ڕەوا و دانپێدانراوی جیهانی دێموکراسی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە ڕاستیدا هەڵبژاردن لە ئێران لە جیاتی ئەوەی بەشداریی سیاسی بێت بۆ بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی وڵات و گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی سیاسی، بووە بە شانۆیەکی سەرنجڕاکێشی و تایبەتی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە جۆرێکە لە بەسیجی سیاسی، واتە بەسیج کردنی خەڵك بۆ ڕەوایی بەخشین بە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و گوتنی «لبیك» بە داواکاریی ڕێبەری ڕێژیم بۆ بەشداری کردنی هەموو لایەنێك لە هەڵبژاردنێکدا کە هەموو کەس و لایەنێك مافی خۆ پاڵاوتنی نیە.

ئەگەر بۆ سەر ئاستی کوردستانی ڕۆژهەڵات شۆڕ ببینەوە، هاوکێشەکە ئاڵۆزییەکی زیاتری پێوە دیارە، چوونکە لەسەر ئاستی ناوچە کوردییەکان، سەرەڕای بوونی کێشە سەرتاسەرییەکانی ئێران وەك نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و گوشاری ئابووری، گرنگییەکی تایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە کە بەهۆی زیندوو بوونی خواستی نەتەوەیی کورد، هەڵبژاردن بۆ ڕێژیمی ئیسلامی وەك «بە تیرێك لە دوو نیشانەدان» وایە.

لە لایەکەوە وەك تەواوی ناوچەکانی دیکەی ئێران، ڕەواییەکی جەماوەری بەدەست دێنێ کە لە ڕاستیدا دانپێدانی نێودەوڵەتییە بە ڕەوایی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەلایەکی ترەوە بە هۆی هەڵبژاردن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و دانی مافی خۆپاڵاوتن بە هەندێ کەسی لایەنگری خۆی لە ناوچەکە و ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقی دەنگدان بە بیانووی جیاوازی وەك دروستکردنی ڕکابەرایەتی لەسەر ئاستی پاڵێوراوان کە هەموویان هەڵگری هەندێ دروشمی بێ ناوەرۆك و فریودەرن، بوونی پرسی کورد وەك کێشەی نەتەوەیەك دەباتە ژێر پرسیارەوە. کۆماری ئیسلامیی سێدارە، بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە کوردستان و ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، بە پراکتیك بۆ خەڵکی دیکەی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەلمێنێت کە شتێك بەناوی پرسی کورد لە ئێراندا نیە.

پووچەڵ کردنەوەی ئەم پیلانەی ڕێژیم لە کەشوهەوای ئێستای ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەرکێکی قۆرستر لە جاران دەخاتە سەر شانی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کە پێویستە تەواوی هێز و توانای خۆیان لە بوارە جیاوازەکانی خەبات بە ئاراستەی شکست پێهێنانی شانۆی هەڵبژاردن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەگەڕ بخەن و هاودەنگییەکی نیشتمانی بۆ ئەم مەبەستە لەسەر ئاستی کوردستانی و جیهانی بهێننەوە ڕۆژەڤی سیاسی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

بەداخەوە کەمتەرخەمییەکی بەرچاو بە سیمای پارتەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە دیارە کە لەوانەیە نەبوونی توانایی دارایی هۆکارێکی سەرەکیی ئەم بێدەنگییە بێت کە نەیانتوانیوە لە ئاست داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و پیلانەکانی دەوڵەت بن. چوونکە بە گەرمبوونی کەشوهەوای هەڵبژاردن و زاڵبوونی بەسەر تەواوی بوارەکانی تری ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات، کەشوهەوای زاڵ بەسەر پارتە سیاسی و چەکدارییەکانی کوردساردە و بەم ئاستە نییە کە توانای بەرەنگار بوونەوەی پیلانەکانی کۆماری سێدارە بۆ شانۆی هەڵبژاردنی بەسیج کردنی خەڵك هەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن بە مانۆڕی سیاسی و ڕاگەیاندن وەك سازکردنی سیمینار و کۆنفرانس و گردبوونەوە، ڕووی ڕاستەقینەی دەوڵەت و ئامانج و پیلاکانی لە پشت شانۆی هەڵبژاردنی بەسیج کردنی خەڵك، بۆ ڕای گشتی شی بکەنەوە و بە کەڵك وەرگرتنی هەواڵگریی و چالاکی لە میدیای باشووری کوردستان، دەنگ و هەڵوێستی خۆیان بگەیەننە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

لەسەر ئاستی نێوخۆیی، بەداخەوە بەهۆی کەشوهەوای لە ڕادەبەدەری ئەمنی و ترس و تۆقاندن و ڕۆژانە لە سێدارەدانی خەڵك بە بیانووی جیاوازەوە، هیچ دەرفەتێك بە چینی خوێندکاران، مامۆستایان، ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد لە ڕۆژهەڵات و ئێران نادرێت کە لانیکەم ڕەخنە لە شێوازی هەڵبژاردن بگرن، چ بگاتە ئەوەی کە حەز و خواستە ڕاستەقینەکانیان بە شێوەیەکی ئاشکرا بخەنەڕوو. هەروەها مرۆڤی ئاسایی کوردیش بەهۆی ترس و گوشاری ئابووریی و خنکانی لەناو کێشەی ڕۆژانەی ژیان و گوزەرانێکی ناتەندروست و دوورکەوتنەوە لە پرسە سیاسییە ڕاستەقینەکان و تێکەڵاوکردنیان بە ڕکابەرایەتیی نێوان ئەم و ئەو پاڵێوراو، ناتوانێ وەك پێویست هەڵوێست وەربگرێت و بەدەم خواستی پارتە سیاسیی و چەکدارییەکانی دەرەوەی سنوور بچێت و بایکۆتی هەڵبژاردنێك بکات کە بەهۆیەوە بووە بە ئامرازێك بەدەست ڕێژیمەوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایی و دانپێدانانی نێونەتەوەیی.

# ئایا كۆماری ئیسلامی دەتوانێ لە دەرفەتی ڕێككەوتن لەگەڵ ڕۆژاوا كەڵك وەرگرێ؟

**میرۆ عەلیار**

ئایا كۆماری ئیسلامی دەتوانێ لەسەر ڕێككەوتن لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ لەسەر پرسی ئەتۆمی، بەخۆدابچێتەوە، سیاسەتێكی جیاواز لە ڕابردوو بگرێتە بەر و لەو دەرفەتە بۆ بووژاندنەوەی ئابووری وڵات كەڵك وەربگرێ، زیاتر لە هەر پرسیارێكی دیكە چاوەدێرانی سیاسیی نێوخۆ و دەرەكی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردووە.

بۆ وڵامدانەوەیەكی بەنیسبەت واقعبینانە بەو پرسیارە، پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بكرێ كە ڕێككەوتنامەی نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥ ڕێككەوتننامەیەك نیە كە لەسەر بنەمای متمانای دوولایەنە وەدیهاتبێ. بەپێچەوانە، ئەو ڕێككەوتننە لەسەر بناخەی ئەوپەڕی بێ متمانایی و لێك لەگومانبوون دارڕژراوە:

یەكەم، لە ڕۆژی یەكەمەوە ئێران هەوڵی دا بەرنامە ناوكیەكەی لە كۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەتی لە «ئاژانسی نێونەتەوەیی ئینرژی ناوكی» IAEA بشارێتەوە و بیروڕای گشتی هەڵفریوێنێ. لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینییەوە كە بەرنامەی ناوكی كۆماری ئیسلامی لەقاو درا و پاشان ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی شووڕای ئاسایشی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بڕیارنامەی ژمارە ١٦٦٩دا بۆیەكەمجار دوای وەستاندنی پیتاندنی ئورانیومی لە ئێران كرد، هەتا ئەوڕۆ ڕێژیم تەنیا پێی لەو شتانە ناوە كە نەیتوانیوە بیانشارێتەوە! بۆیە ئێران بۆ ڕۆژاو جێگای متمانا نیە.

دووەم، ئێران لەژێر فشاری تاقەتپڕووكێنی سزا ئابوورییەكاندا ملی بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕۆژاوا ڕاكێشا.

سێیەم، پێوەر و مەرجەكانی كە وڵاتانی ١+٥ لەو ڕێكەوتننامەیەدا بەسەر ئێرانیاندا سەپاندووە، گومانێك بۆ نەبوونی متمانای ئەو وڵاتانە بە ئێران ناهێڵێتەوە، بەشێوەیەك كە هەر لە ئێران دەكوترێ كە بەو ڕێككەوتننامەیە مافی سەروەریی ئێران پێشێل كراوە!

چوارەم، گونجاندنی دەستەواژەی snap back كە لە ڕێكەوتننامەكە دا بەمانای داسەپاندنەوەی سزا ئابوورییەكان هاتووە، ئەگەر لە درێژەی چاوەدێری و كۆنترۆڵەكانیIAEA دەربكەوێ كە ئێران لە بەجێگەیاندنی ئەرك و «تعهدات»ەكانی دا كۆتایی كردووە.

پێنجەم، لێكجیاكردنەوەی سزاكان. تەنیا ئەو سزایانەی پێوەندییان بە بەرنامەی ناوكی ڕێژیمەوە هەیە، هەڵدەگیرێن! ئەو سزایانەی لە پێوەندیی لەگەڵ بەرنامەی مووشەكی، پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ و پشتیوانی كۆماری ئیسلامی لە تێرۆریزم دا بەسەر ئێراندا داسەپاون، لەجێگای خۆیان دەمێننەوە.

بە زمانێكی دیكە یانی ئەوەی كۆماری ئیسلامی قەبووڵی كردووە كە پشتیوانی لە تێرۆریزمی نێونەتەوەیی دەكا و هەڕەشییە بۆ ئەمنییەت و ئاسایشی كۆمەڵگای جیهانی!

بۆیە ڕێككەوتنامەی نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥ ڕێككەوتننامەی ئاشتی و دواییهێنان بە كێشەكە نیە، بەڵكوو سەرەتای تاقیكردنەوەیەكی نوێ و چوارچێوەیەكە بۆ كۆمەڵێك ململانە و بێنەوبەرە لە نیوخۆی ئێران و سەبارەت بە كۆماری ئیسلامی.

سەرەڕای ئەوە، ڕێككەوتننامەكە باری ئەرێنیشی تێدا بەدی دەكرێ:

• گەورەترین خاڵی ئەرێنی و گرینگترین دەسكەوتی ئەو ڕێككەوتنە ئەوەیە كە كۆماری ئیسلامی لە هەوڵەكانیدا بۆ بەرهەمهێنانی چەكی ناوكی شكستی هێنا.

جێی لێوردبوونەوەیە: كۆماری ئیسلامی ڕێژیمێكە كە تێرۆریزمی دەوڵەتی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات گەیاندۆتە ئاستی سیاسەتی ڕەسمی و تاوانبارە بە پشتگیریكردن و پەرەپێدان بە تێرۆریزمی نێونەتەوەیی، بەئاشكرا هەوڵ دەدا بۆ نانەوەی ئاڵۆزی و ناسەقامگیریی لە وڵاتانی ناوچەدا، لە كۆمەڵگای نیونەتەوەیی یاغی بووە و تەنیا لەژێر فشار و هەڕەشەدا یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەكان پێشێل ناكا و بەپێچەوانەی هەموو عورفێكی دیپلۆماسی، بەكرێگیراوەكانی هێرش دەبەنە سەر باڵوێزخانە و كونسوولگەرییەكانی وڵاتانی بیانی لە تاران.

لەنێوخۆی وڵاتدا سەركوت و هەڵاواردن و ئیعدامی لاوانی كردووە بە سیاسەتی ڕۆژانەی خۆی و نەتەوە بندەستەكانی لە سەرەتایی ترین مافەكانی ئینسانی و سیاسی بێبەش كردووە و هەرچەشنە داوایەكی ڕەوایان بە كوشتن و ئیعدام وڵام دەداتەوە و ساڵ نیە بەهۆی پێشێكارییەكانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤەوە مەحكووم نەكرێ.

ئەگەر ڕێژیمێكی ئەوتۆ پێشی پێبگیرێ دەستی بە چەكی كۆمەڵكوژی ڕابگا، تەنانەت بۆ ماوەی دە ساڵیش بێ، بۆخۆی سەركەوتنە و دەسكەوت بۆ كۆمەڵگای نێونەتەوەیی، بۆ مرۆڤایەتی و بۆ گەلانی چەوساوەی ئێران.

• لە یەكەم تێڕوانین، سازان لەگەڵ ڕۆژاوا لەسەر بەرنامەی ناوكی سەركەوتنیك بوو بۆ سەركۆمار حسن روحانی. چون چارەسەركردنی پرسی ناوكی بەڵێنێك بوو كە روحانی لەكاتی خەباتی هەڵبژاردن دا دابووی بە دەنگدەرانی.

دوای لەئاوكردنی سەدان میلیارد دوڵار، ڕەوتی بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات بۆ دروستكردنی چەكی ناوكی، بۆ ماوەیەك ڕادەوەستێ.

هەروەها، ئازادبوونی دەوری ٤٠ - ٥٠ میلیارد دوڵار دارایی ئێران (ڕادەی ئەو پوولە بەتەواوی ڕوون نیە و ئاماری جیاواز بڵاوبۆتەوە)، بێگومان دەتوانێ دەرفەتێك بێ بۆ سەروساماندان بە ئابووریی شپرزەی وڵات بە قازانجی خەڵك.

لەو پێوەندیی لەگەڵ پرسیارەكە، كۆمەڵێك كۆسپی جیدی «ماهوی» و ساختاریی بەدی دەكرێن كە ڕێگە بۆ گەشبینی ناهێڵنەوە ڕێژیم بتوانێ لە ڕێكەوتنی ١٦ی جوولای ٢٠١٦ی زایینی بە قازانجی خەڵكی ئێران كەڵك وەرگرێ:

• بێگومان نیزامی داخراو و سەرەڕۆی سیاسی ئێران گەورەترین كۆسپە لەسەر ڕێی ڕیفورمی ئابووری. نیزامی سیاسیی ئێران زەرفییەتی پێكهێنانی ئاڵووگۆڕی پێویست و كەڵكوەرگرتن لە ئیمكاناتی زۆر و بەربڵاوی وڵاتی نیە.

بەقسەی سەركۆمار لە كۆبوونەوەی «بەڕێوەبردنی بەرجام ...» لە ٢٩ بەفرەنبار/دی ١٣٩٤، ئێران بۆ گەیشتن بە هەڵدانی ئابووری دڵخواز، ساڵێ پێویستیی بە ٥٠ میلیارد دوڵار سەرمایەی دەرەكی هەیە.

بەڵام كام سەرمایەدار و كام وڵات ئامادە دەبێ بەهاسانی لە وڵاتێكدا سەرمایەی خۆی وەگەڕ بخا كە حكوومەتەكەی یاغی و ناسەقامگیرە و جێگای متمانای كۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیە و یاساكانی لەگەڵ یاسا سەلماوە نێونەتەوەییەكان بۆ سەرمایەگوزاری، نەگونجاون؟

وە ئەگەریش لایەنێك ئامادەی سەرمایەگوزاری بێ، ئەوكاتە ئەوەندە مەرج دادەنێ و ئیمتیاز داوا دەكا كە سوودی چاوەڕوانكراوی بۆ ئێران لێناكەوێتەوە!

• یەكێ لە پێشمەرجە سەرەكیەكان بۆ كەڵكوەرگرتن لە ئیمكانات و سامانی وڵاتێك بەقازانجی خەڵك، ئەوەیە كە دەوڵەت بتوانێ هێزی مرۆیی (نیروی انسانی) وڵاتەكە وەگەڕ بخا. بەڵام ئەو ئەركە تەنیا بە نیزامێكی سیاسیی دێموكرات و خەڵكی بەڕێوە دەچێ. گەندەڵی، هەڵاواردنی جۆراوجۆر و دیكتاتوری ڕێگەی بەشداری خەڵك لە ژیانی سیاسی و ئابوورییان بەستووە. ئێران لە ڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە دایە كە بەدەست ڕاكردنی مێشكەكانەوە (فرار مغزها) دەناڵێنێ!

كەڵكوەرگرتن لە هێزی ئینسانی وڵات موستەلزمی پێكهێنانی ئاڵووگۆڕی قوڵی ساختاری، یاسایی و سیاسییە.

• نەبوونی سیستمێكی واحیدی بڕیاردان. لایەنی جۆراوجۆر و دەسەڵاتدار كە دەست و دەخالەتیان لە ئابووری ئێراندا هەیە، لە «حیطە»ی كۆنترۆڵ و ئیختیاراتی دەوڵەت بەدەرەن و تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاوە و بیر لە بەرژەوەندی وڵات ناكەنەوە: سوپای پاسداران، ئیتلاعات، بەیتی ڕەبەری، بنیادە جۆراوجۆرەكان... چنگیان بەسەر ئابووریی وڵاتدا گرتووە و بۆتە كۆسپێكی جیدی بۆ بووژانەوە و حەسانەوەی ئابووری سەقوشڕبووی ئێران.

• گەندەڵی سەرلەبەری سیستمی حكوومەتی ئێرانی بەشیوەیەك داگرتووە كە دەرەتانێكی بۆ چاكسازی و ڕێكخستنەوەی نیزامی ئابووری نەهێشتۆتەوە.

ئێران ئێستا لە چەند وڵات خۆی تووشی شەڕ كردووە و بۆتە بەشێكی سەرەكی لە كێشەكانی عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن، فەلەستین. ئەو دەستتێوەردان و ماجەراجووییانە هەزینەیەكی قورس بەسەر خەڵكی ئێراندا دادەسەپێنێ.

بەڵام سوپای پاسداران هەتا پێی بكرێ كۆتایی بە شەڕ و كێشە لە ناوچەدا ناهێنێ، چون تەواوبوونی شەڕ و ئاڵۆزی لەو وڵاتانەدا بەمانای كەمڕەنگبوونەوەی دەور و داكشانی نفووزی سوپا لە ناوچەیە و ئەوەش كورتبوونەوەی دەستی سوپا لە ئەهرومەكانی ئابووری وڵاتی لێبكەوێتەوە.

دەسەڵات و نفووزی سوپای پاسداران بەستراوەتەوە بە بوونی قەیران و شەڕ لە ناوچەدا.

• نرخی نەوتیش چاوەڕوان ناكرێ بەوزووانە تا ئاستێكی بەرچاو بەرز بێتەوە. بەتایبەتی دوای هەنگاوەكانی ئەمریكا بۆ بەرهەمهێنان و تەنانەت هەناردەكردنی نەوت.

بەوجۆرە، ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ لەو ڕێككەوتنە بەقازانی وڵات كەڵك وەرگرێ و بەگەڕێتەوە بۆ نێو سیستمی ئابووری جهانی، پێویستیی بە سەرمایەی خارجی هەیە و بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش ڕێگایەكی بێجگەلە مودێڕنیزەكردنی خۆی نیە.

بەڵام بەگوێرەی فورمولێكی گشتی، بەخۆداچوونەوە و پێكهێنانی هەرچەشنە ڕیفورمێكی زەرووری، پێویستیی بە ئیرادەی بەهێز و بە بوونی زەرفییەتی سیاسی هەیە. ڕابردوو، ماهییەت و سیاسەتەكانی كۆماری ئیسلامی و كارنامەی دوو ساڵی ڕابردووی حسن روحانی، دەری دەخەن كە نیزامی سیاسیی ئێران توانا و زەرفییەتی سیاسی بۆ پێكهێنانی ئاڵووگۆڕی قووڵ و ئەساسی نیە.

# سیستمی ویلایەتی و عێمادیی ڕەداڵە

**ن: شارام كرماشانی**

**و: جاقل**

لە كاتی قسەكانی خومەینی لەمەڕ پێوەندیی جنسی لەگەڵ كەسانی مەحرەم و بوومەلەرزە تاكوو دەسدرێژی و كوشتنی «تەرانە مووسەوی»، مەودایەكی زۆر بەدی ناكرێت. حكوومەتێك كە كۆڵەكە ئیدئۆلۆژیكەكانی لە سەر بناغەی ئیسلامێك دارێژرابێت كە لە فیلتێرینگی ویلایەتی فەقیهەوە تێدەپەڕێ و ئەم كۆڵەكەیەی لەسەر بناغەی كوشتن و ئێعدامی بەربڵاو قایم كردبێت، بۆچی لە دەسدرێژی كردنە سەر هەندێك تاكی «لاوازی» كۆمەڵگا بترسێ؟

لە كاتی نووسینی نامەكەی «حسێن عەلی مۆنتەزێری» لە ڕێكەوتی ١٧ی ڕەزبەری ١٣٦٥ەوە كە بۆ خومەینی نووسی؛ «گەلۆ دەزانن لە هەندێك لە زیندانەكانی كۆماری ئیسلامی‌دا، بە زۆرەملی دەسدرێژی دەكرێتە سەر كچانی لاو؟ گەلۆ دەزانن لەكاتی لێپرسینەوە لەم كچانە، جنێوی قێزەونی ناموسییان پێ‌دەدرێت؟» تاكوو نامەكەی مێهدی كەڕووبی، لە ساڵی ٨٨ كە تێیدا ئاماژەی بە ڕێژەی بەرچاوی دەستبەسەركراوان و دەسدرێژی كردنەسەریان كرابوو، گۆڕانێكی ئەوتۆ نابیندرێت، جگە لەوەیكە پانتایی هەڵبژاردنی سووژە جنسییەكان بۆ كەڵكاژۆوەرگرتنی كاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی زیادیان كردووە و ڕەگەزی پیاویش بەم خشتەیە زیادی كردووە. هەڵبەت دەبێ ئەو ڕاستییەش وەبیر بێنینەوە كە دەسدرێژی كردن لە سیستمی ویلایەتی‌دا، تەنیا بۆ زیندانەكان و زیندانییە سیاسییەكان نیە. زانكۆكان و حەراسەتی زانكۆكان — بەهۆی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی كە بەم ناوەندە ئەمنیەتییە دراوە — بەشێكن لەو ناوەندانەی كە بواری دەسدرێژی كردنیان تێدایە. زانكۆكانی قەزوین، پەیام نووری كرماشان و سەهەندی تەورێز و كەڵكاژۆوەرگرتنی بەرپرسانی زانكۆ و حەراسەتەكانیان، چەند نموونەیەكی دیاری ئەم پرسە لە ساڵەكانی دەیەی ٨٠ی هەتاوین. «ئەندازیار تەوحیدی» سەرۆكی حەراسەتی زانكۆی پەیام نووری كرماشان، یەكێك لە خوێندكارە كچەكانی ئەم ناوەندە فێركارییەی خستە ژێر گوشار و لەوپەڕی بەدڕەوشتی‌دا داوای لێكردبوو كە پێوەندی لەگەڵدا دابمەزرێنێت و خۆی بەدەستەوە بدات، ئەگینا پەروەندەی سیاسیی بۆ دەكاتەوە، كە لە ئەنجامی تۆماركردنی سكاڵای ئەم كچە لای ناوەندە قەزاییەكان، زانكۆی ئاماژە بۆكراو ناچار دەبێت «تەوحیدی» لە سەرۆكایەتی حەراسەت لا ببات. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەكان پلەی سەرۆكایەتی گشتیی زانكۆكانی پەیام نووری پارێزگای كرماشانی پێ سپێردرا كە لە ڕاستیدا ئەمە جۆرێك ڕێزلێنان لەو هەوڵە بەدڕەوشتانەیە بوو.




«پرێس تی ڤی» و هەناردەكردنی دەسدرێژیی جینسی خومەینی لە تامەزرۆیی هەناردەكردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی ناوچە و جیهان، لەوپەڕی دۆشداماویی و پاش نۆشینی جامی ژار، كۆتایی بە تەمەنی هات، بەڵام میراتگرانی تاج و تەختی خومەینی، ڕێگە پڕهەڵەكەی ناوبراویان درێژەدا و لەم ڕاستایەدا چەندین گەڵاڵەی جۆربەجۆریان وەگەڕ خست. دامەزراندنی كاناڵە تەلەفزیۆنییەكانی وەك «سەحەر»، «ئەلعالەم» و لەم دواییانەشدا «پرێس تی ڤی» لە ڕاستای ئەم وەهم و خەیاڵە نەزۆكەدا بووە.

بەڵام بەو هۆیەوە كە بەرپرسانی ئەم كاناڵە تەلەفزیۆنییانە لە نێوان مۆرە ئەمنییەتی و سەربازییەكانی حكوومەت — بەتایبەت سپای پاسداران — هەڵدەبژێردرین، بەرەبەرە مەیل و ویستە جنسییەكانی ویلایەت لە كاناڵە سەتەلایتییەكانی ئێرانیش‌دا خۆیان دەرخست و شوێنێكی گونجاو و لەباریان بۆ پەروەردەبوون دۆزییەوە.

لەماوەی ئەم ساڵانەدا، قسە و قسەڵۆك و بانگەشەی جۆراوجۆر لەپێوەندی لەگەڵ كەڵكاژۆی جنسیی بەرپرسانی دەنگ و ڕەنگی كۆماری ئیسلامی كە دەسەلاتی تەواویان بەسەر كارگێڕ و فەرمانبەرەكانیاندا هەیە دەبیسترا، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نەبوو كە بتوانێ ئەوپەڕی بێ‌ڕەوشتی بەرپرسانی سیستمی ویلایەتی دەربخات، تا ئەوەیكە «شینا شیرانی» بێدەنگییەكانی شكاند و باسی لە گوشارەكان بۆ سەر خۆی كرد. موحەممەد سەرئەفراز كە بە بڕیارێكی حكوومەتی لە ساڵی ٢٠١٣دا، وێڕای عێمادی، بەهۆی پێشێل كردنی مافەكانی مرۆڤ لەلایەن یەكیەتیی ئورووپاوە خرایە لیستی گەمارۆكانەوە، پاش بەدەستەوە گرتنی سەرۆكایەتی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیم، دەستی كرد بە گۆڕینی بەربڵاوی بەڕێوەبەر و بەرپرسەكان و تەكووزی كردە سەر ئەمنییەتی و سیاسیی كردنی ئەم ناوەندە. ناوبراو «حەمید ڕەزا عێمادی» كردە بەرپرسی كاناڵی پرێس تی ڤی، بەڵام بێ‌ئاگا لەوەیكە، ئاغای عێمادی بۆ دامركاندنی تامەزرۆیی جینسیی خۆی پەلاماری «شینا شیرانی» دەدا. دیارە نابێ چاوەڕوانیمان لە دامەزراوەیەكی وەك دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئیسلامی لەمەش زیاتر بێت كە ئەركە سەرەكییەكەی بریتییە لە دەسدرێژی كردنە سەر ڕەوان و جەستەی مرۆڤەكان. دەزگایەك كە لەسەر بنچینەی ڕێنوێنییەكانی كەسێك بەڕێوەدەچێ كە لە كتێبە بەناوبانگەكەی، توضیح‌المسائل‌دا، دەسدرێژی كردنە سەر كۆرپەلەی كچ، بەبێ ئەوەیكە بەتەواوی لەگەڵی جووت بێ، بە ڕەوا و ڕێگەپێدراو دەزانێت و لە لایەن كەسانێكەوە بەڕێوە دەبرێت كە لە دامەزراوە ئەمنییەتی و سەربازییەكان بارهاتوون و بۆخۆیان بەسەرهاتێكی هاوشێوەیان ئەزموون كردووە.

# بێکاری سەرچاوەی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە لە کوردستان

ئیدریس ستوەت

بێکاری یەکێك لەو دیاردانەیە کە لە ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی بە شێوەیەکی بەرچاو بەدیار دەکەوێت. ئەوەش گەلێك هۆکاری لە پشتەوەیە و کاریگەریی و دەرئەنجامەکەشی لە زۆر بواری ژیاندا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ ئەوەی بتوانین بارودۆخی کوردستان ئاوای کە هەیە بخەینە بەر باس و لێکدانەوە، پێویستە لە پێشدا ئاماژە بە کۆمەڵێك واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان بکەین.

لە کەس شاراوە نیە کە بێکاری لە کۆمەڵگای ئێران بەشێکی بەرچاری دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی نەگونجاو و نازانستیانەی دەسەڵاتدارانی ئێران. وڵاتی ئێران لەگەل ئەوەیکە سەرچاوەی گەورەیماڵیی بەدەستەوەیە، و لە بواری ژێرخانی ئابووریی و بەتایبەت نەوتەوە دەوڵەمەندە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی نەگونجاو و نازانستیانەی ئێران و نەبوونی بەرنامەی تۆکمەی ئابووری لە کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردستان، بە دەست بێکارییەوە دەناڵێنێ.

بێکاری بە گشتی کاریگەریی زۆر خراپی لە سەر گۆمەڵگای ئێران داناوە و دیاردەی خەمۆکی، دزی، قومارکردن، بازرگانی کردن بە گورچیلە، بازرگانی کردن بە منداڵ، کارتۆن خەوی، کۆچ کردن، تەڵاق، تاوان، لەشفرۆشی و... هتد، و چەندین دیاردەی دیکە کە هەمووی لە بێکارییەوە سەرچاوەی گرتووە و لە ڕاستیدا ئەو دیاردانە و چەندین دیاردەی دیکە وەك دەست بەسەر کردن، زیندان، ئەشکەنجە، تیرباران و لەسێدارەدان، خڵاتی دامەزرێنەران و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون بۆ کۆمەڵگای ئێران. بە پێی ئامارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ زیاتر لە ٤٠٪ی حەشیمەتی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریی موتڵەقدا ژیان بە سەر دەبەن.

زیاتر لە ٥٥٪ی هۆکاری نەخۆشینە دەروونییەکان پێوەندیی بە هەژاریی و بێکارییەوە هەیە.

زیادتر لە ١میلیۆن و ٧٠٠ هزار منداڵی کار لە ئێران هەیە کە بە پێی توێژینەوەکان ٤.٥٪ی منداڵانی کۆکەرەوەی زبڵ و دەستفرۆش، توشی ئیدز دەبن. لە ئیراندا لە هەر پێنج هاوسەرگیری، یەك توشی تەڵاق دەبن.

زیادتر لە ٢٠ هەزار کارتۆن خەو لە ئێران بوونی هەیە کە ٢١٪ی کارتۆن خەوەکان لە ژنان پێکهاتووە و هزاران دیاردەی دیکەی وەك بازرگانی کردن بە گورچیلە و منداڵ و کێشەی دیکە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە و شایانی باسە کە هیچ یەك لە ناوەندەکانی حکوومەتی خۆیان لە بەرانبەر ئەو دیاردانەدا بە بەرپرس نازانن.

لە کوردستانیش سەرەڕای خۆ زاڵکردنی سیاسیی ئامانجدار و سەرکوت کردن و گرتن و کوشتنی ئازادیخوازان و سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی کورد و ... هتد، لە هەموو ئەو دیاردانەی کە لە کۆمەڵگای ئێران هەیە، لە ڕاستیدا کوردستان پشکی شێری بەرکەوتووە، هەر بەپێی ئامارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پارێزگای کرماشان وەك دەردێکی هەمیشەیی، پلەی یەکەمی بێکاریی بە ڕێژەی ٤.٤٧٪ لە سەر ئاستی ئێراندا هیناوەتەوە و میداڵی قارەمانیەتی بێکاریی بە نسیبی خۆی کردووە و پارێزگای ئیلامیش بە ٤٠٪ لە ڕیزبەندی دووهەمی بێکاری لە ئاستی ئێراندا جێی گرتووە و پارێزگاری کوردستانیش ٢٨٪ بێکاریی هەیە.

بە وتەی کارناسان ڕێژەی بێکاری لە نێو ژنانی کورد لە کوردستاندا زیاتر لە سێ بەرابەری ڕێژەی بێکاریی پیاوانە و بێگومان ئەو ئامارانە پێمان دەڵێن کە دیاردەی کۆمەڵایەتی لەو پارێزگایانەدا زۆر زیاتر لە شوێنەکانی دیکەیە و لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بە هۆی بێکاریی و هەژارییەوە، ڕێژەی گورچیلە فرۆشتن، خۆکوشتن، وازهێنان لە خوێندنی منداڵان بە هۆی نەداریی و ناردنیان بۆ کار، تووشبوونی خەڵك بە کێشە دەروونییەکان، گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، کۆچ کردن و تەڵاق و... هتد، زیاد دەبێ و گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار و هەر بەپێی ئامارەکانی خودی ڕێژیم، پارێزگای ئیلام لە ٩ مانگی ڕابردووی ساڵی ١٣٩٤دا، بە ڕێژەی ٣٨٦ تەڵاق، یانی ٣٢٪ی تەڵاق لەو پارێزگایەدا تۆمار کراوە و بەتایبەت دیاردەی کێشە دەروونییەکان لە کوردستان مەترسیدارە و زیادبوونی تێچووی دەرمان و گرانیی نرخەکان، بووە بە هۆی ئەوە کە نەخۆشەکان واز لە درێژەی دەرمانکردنی خۆیان بێنن. ئێستا بەشێك لە خەڵکی کوردستان داهاتی ڕۆژانەیان لە ڕێگای کۆڵبەرییەوە بەدەست دێنن و بەگشتی هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی ئابووریی ئێران هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی بۆ دانیشتوانی خۆی نەبووە و نیە.

ئەو ئامارانەی کە باس کران ئاماری خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین و بێگومان ئامارەکان زۆر لەوە زیاترە، بەڵام بەپێی ئاماری ڕێژیم بە بەراورد لە گەڵ ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەت لەو دوساڵی ڕابردوودا کە دەوڵەتی تەدبیر و ئۆمید بوو، هەڵکشانی زۆری بەخۆیەوە دیوە و کلیلەکەی ڕووحانی هیچ قفڵێکی پێ نەکرایەوە.

کارناسان هۆکاری ئەو بێکاریی و دیاردانەی کە لە ئێراندا هەیە، دەگێڕنەوە بۆ هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی و دژایەتیی ئێران لە گەڵ جیهان و یارمەتیی میلیۆنان دۆلاری ئێران بۆ تیرۆریستە ئیسلامییەکان و کەڵکوەرگرتنی خراپی دەسەڵاتدارانی ئێران لە ئابووریی ئەم وڵاتە.

بۆ هەموومان ئاشکرایە کە دەسەڵاتی کۆنەپەرەست و دیکتاتۆر چیدیکە ناتوانێ خەڵك فریو بدات و ئەم دیکتاتۆرە لە بەرانبەر گەلانی ئێراندا خۆی ڕاناگرێت و مەحکووم بە نەمان دەبێ.



# ڕۆچوونی ڕێژیمی ئێران لە باتڵاقی شەڕی سووریەدا

ن: جەماڵ ڕەسوڵ دنخە

شەڕی سووریە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی بیستویەکەمدا پێی ناوەتە قۆناغێک کە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کوژرا و زیاتر لە میلیۆنان کەسی ئاوارەی ئەو وڵاتەی لێ کەوتووەتەوە و کۆمەڵگای جیهانیش نیسبەت بەو شەڕە کە جەنایەتی جەنگی لێ کەوتووەتەوە بێ دەنگییەکی سیاسی و بەرژەوەندی خۆیان گرتووەتە بەر و ئەوەش ڕۆژ بە ڕۆژ قەیرانی ئەو شەڕە قووڵتر دەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و پشتیوانیی ئەو ڕێژیمە لە گرووپە توندڕەوەکانی کە لە سووریەدا دژی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە شەڕ دەکەن گرێی کێشەی ئەو شەڕەی توندتر کردووە و ناهێڵێت کە ئەو کێشەکە چارەسەر بکرێت. دەستێوەردانی نیزامیی ڕووسیە لەو شەڕەدا و بۆردوومانی فڕۆکەکانی ئەو وڵاتە بووەتە هۆی ئەوەیکە نە تەنیا ئەو وڵاتە یارمەتییەک بە چارەسەریی کێشەکە ناکات، بەڵکوو زیانێکی زیاتری هەیە و هەتا ئێستا ئۆپۆزیسیۆنی سووریە نیسبەت بەو بۆردوومانانەی سووریە نارەزایەتیی توندی دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە کە هێرشە ئاسمانییەکانی ڕووسیە لە باتی داعش شوێن و بارگاکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکاتە ئامانج و پشتیوانی لە هێزەکانی ئەسەد و باقی هێزە هاوپەیمانەکانی ئەسەد دەکات.

لەو نێوانەدا ڕێژیمی ئێران کە هەر لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی سوویەدا پشتیوانی خۆی بە هەموو شێوەیەک چ ماددی و نیزامی لە ڕێژیمی ئەسەد دەربڕی؛ مانەوەی بەشار ئەسەد بە نرخی کوشتوبڕ و ئاوارەبوونی خەڵکی خۆی مسۆگەر کردووە و ڕێژیمی ئیسلامیی تاران لەو نێوانەدا سەرەڕای قەیرانی ئابووری و ماڵی نێوخۆیی بە دابینکردنی هێڵی ئیعتباریی میلیارد دۆلاری و ناردنی چەکوچۆڵ زیاتر ئاگری شەڕەکەی خۆشتر کرد.

بەرپرسانی باڵای ئەمنیەتی و سیاسیی ڕێژیمی ئێران لە هەموو لێدوانەکانی خۆیاندا بە فەرمی باسیان لەوە کردووە کە ئێمە لە سەر پشتیوانییەکانی خۆمان بۆ سووریە سوورین و تەنانەت مێهدی تائیب لە لێدوانێکدا ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی، باسی لەوە کرد کە سووریە پارێزگای ٣٥ـەمینی ئێرانە و ئێمەش بە هەموو هێز و تواناوە پشتیوانی لەو وڵاتە دەکەین. عەلیئەکبەر ویلایەتی ڕاوێژکاری خامنەیی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، لە چەندین سەفەر و لێدوانی خۆیدا لە سووریە و ئێران، باسی لەوە کردووە کە ئەسەد بۆ ئێمە هێڵی سوورە و دەستی دوژمنان کورت دەکەینەوە.

کێشەی شەڕی سووریە دوای ناردنی هێزی سەربازی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بۆ ئەو وڵاتە، دۆخ و هاوکێشەکانی ناوچەکەی گۆڕی و بە هاتنی داعش لە نیوەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوییەوە و هەروەها پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی ئەو ڕێژیمە لە گرووپی تیرۆریستی داعش وای کرد کە هێزی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لەو وڵاتەدا تەنیا باڵانسی هێزی خۆی ڕابگرێت و دژی هێزی سەربازیی و باقی هێزەکانی دیکە ڕابوەستێت. ڕێژیمی ئێران لەسەرەتاوە ناردنی هێزی سەربازیی و بوونی هێزێکی چەکداری لە سوویەدا ڕەت دەکردەوە، بەڵام پاش ئەوەیکە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و دراوسێ نیسبەت بە بوونی هێزی سەربازیی ئەو وڵاتە نارەزایەتییان دەربڕی، بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران دانیان بە بوونی هێزی نیزامی خۆیاندا هێنا و باسیان لەوە دەکرد کە تەنیا لە چوارچێوەی «موستەشاری نیزامی» یا ڕاوێژکاری نیزامی لەو وڵاتەدا کار دەکەن.

سەرەڕای شاردنەوەی ڕاستییەکان و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری نێوخۆیی سووریەدا، هەنووکە ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەک لە شەڕی سووریەدا تێوەگلاوە کە بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە دەڵێن سووریە خاکی ئێمەیە!! هەروەها ئەو کەسانەی لە سووریەدا دەکوژرێن لە لایەن خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێرانەوە بە کوژراوانی «ئینقلابی» ناودێر دەکرێن.

ئەمڕۆکە ڕێژیمی ئێران، لە ڕێگای هێزی قودس لقی تیرۆریستیی دەرەکیی سپای پاسداران، بە فەرمی شەڕی سووریە دەکات و تا ئێستا بەپێی ئامارەکان ٧٠٠ کەس لە ئەندامانی ئەو سپایە لە سووریە کوژراون و ژمارەیەکی بەرچاویش بریندار بوونە.

لەو پێوەندییەدا، ڕێژیمی ئێران هەروەها جاش و بەکرێگیراوانی خۆی بۆ شەڕی سووریە ڕەوانە دەکات و تا ئێستا چەندین کەس کوژراون و ڕووسیەش وەکوو هاوپەیمانی ڕێژیمی ئێران، تەنیا لەو ڕێژیمە وەکوو مۆرەی خۆی کەڵک وەردەگرێت و بەرژەوەندییەکانی خۆی بۆ داهاتوو دەستنیشان دەکات. هەنووکە ڕێژیمی ئێران لە شەڕی سووریەدا بە چڕی شەڕ دەکات و خەساری گیانیی و مادیی زۆری بەرکەوتووە، خامنەیی نیسبەت بە دەستێوەردانەکانی سپا هاتە دەنگ و گوتی کە؛ ئەو کەسانەی لەو شەڕەدا دەکوژرێن ئینقلابین و ئەگەر لەوێش نەکوژرابان دەبوا لە کرماشان و هەمەدان کوژرابان.

ئەو قسەی خامنەیی دەرخەری ئەوەیە کە بەرپرسانی ئێرانی ئەگەرچی ئیدعا دەکەن کە ئێران وڵاتێکی ئەمنە، ئەو وڵاتە لەو پەڕی نائەمنیدایە و لە ترسی سەرهەڵدان و نارەزایەتیی خەڵک دۆخەکە ئاڵۆزتر و لەناوچەدا ئاژاوە زیاتر دەنێتەوە و لە نێوخۆی وڵاتیش سەرکوت و چاوترسین کردنی زیاتر کردووە.

بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە باش دەزانن کە لە کوردستان بە هێزی چەکمە و پۆستاڵ خۆیان سەپاندووە و دانیشتوانی کوردستانیش باوەڕ و متمانەیان بەو ڕێژیمە نیە و بۆیە خامنەیی بە فەرمی باس لەوە دەکات کە ئەو کەسانە ئەگەر لە سووریەش نەکوژرابان دەبوا لەو دوو پارێزگایە کوژرابان.

هەروەها، لە دوایین پشتیوانییەکانی ئەو ڕێژیمە، ئەندامی ستادی «مدافعان حرم» واتە بەرگریکارانی حەرەم لە پارێزگای ورمێ، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە کە؛ خەڵک پەتوو و جەلوبەرگی گەرم بۆ شەڕی سووریە کۆ کەنەوە و ئەگەر ئەو یارمەتیانە نەختی و مادی بێت، زۆر بە کەڵکترە. ئەگەرچی تا ئێستا وڵاتانی دراوسێی ئێران نیسبەت بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانە و پشتیوانیی ئەو ڕێژیمە لە گرووپە تیرۆریستییەکان، بەردەوام نارەزایەتییان دەربڕیوە، بەڵام بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران درێژە بە کارەکانی خۆیان دەدەن. لە دوایین ئاڵوگۆڕەکاندا عەرەبستانی سعوودی ئامادەیی دەربڕیوە هێزی سەربازی بۆ سووریە ڕەوانە بکات و ئەوەش ترس و نیگەرانیی توندی بەرپرسانی نیزامیی ئێرانی بەدواوە بووە و هەرکام لە بەرپرسە نیزامییەکانی لێدوانی جیاواز دەدەن و دەڵێن ڕەوانەکردنی هێزی سەربازی لە لایەن عەرەبستانەوە بۆ سووریە بە زیانی ئەو وڵاتە تەواو دەبێت، بەڵام ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەمریکا پێشوازی و پشتیوانی لەو هەڵوێستەی عەرەبستان کردووە و ڕێژیمی ئێران ترسی لێ نیشتووە.

دۆڕاوی سەرەکیی شەڕی سووریە ئێرانە و لە داهاتووی ئەو شەڕەدا هیچ بەرژەوەندییەک بۆ ئێران نایەتە دی و هەوڵەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ مانەوەی ئەسەد لەسەر کار بێئاکام دەمێنێتەوە.



# دیپلۆماسیی «حکوومەتی ناوچەیی کوردستان» لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران (بەشی پێنجەم)

ن: پەرویز جەباری
و: جەماڵ ڕەسوڵدنخە

### سەرچاوەکانی دیپلۆماسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئەو ناوچەیە بە هۆی دراوسێ بوون لەگەڵ وڵاتانێک کە بەشێک لە حەشیمەت و پێکهاتەی نەتەوەکان و دانیشتووەکانی کوردەکانن، لە دۆخێکی تایبەتیدا جێگایان گرتووە. بوونی ئەو جوغرافیا سیاسی، سروشتی و مرۆییە قازانج و ئاڵۆزیی تایبەت بە دیپلۆماسیی ئەو ناوچەیە دەبەخشێت. ئەو دۆخەش بە جۆرێک باش نیە کە دەتوانین ئەوەش وەک سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ و بەبایەخ لە ستراتژیی سیاسەتی جوغرافیایی ئەو ناوچەیەدا بە ئەژمار بێنین. دراوسێیەتی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لە درێژایی سنوورەکانی کوردەکان نیشتەجێن، دەتوانین بە جۆرێک بڵێین: خاک و نیشتمانی ئەو کوردانەیە کە لەژێر دەسەڵاتی وڵاتانی غەیرە کورد دان. خەڵکانێک بە ڕابردوویەکی خەبات و خۆڕاگریی شوناس، کە لە مێژووی خەباتی سیاسی و نیزامیی خویاندا، لە هەموو بوارەکاندا هەر لەگەڵ ئەو بەشە لە کوردستان کە ئەمڕۆکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی فێدراڵدا دەناسرێت، هاوکاریی، یەکگرتوویی، یارمەتیدەر و هاوڕێیەتیان هەبووە. هاوکاری و هاوڕێیەتییەک کە ڕیشە، ڕابردوو و مێژووەکەی بۆ شوناسی هاوبەشی نەتەوەیەکی پارچە پارچە دەگەڕێتەوە. لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی سەرەکی و ڕاستەقینەی کوردستان نین، ئەو پێوەندییە نەتەوەیی و شوناسە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەگەڵ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، بنەماڵەیی، بازرگانی، ئامووزشی، هونەریی، کۆمەڵایەتی و مێژوویيدا تێکەڵ بووە. مۆرال، ئیرادەی نەتەوەیی و ژانی هاوبەشی ئەو پێوەند و یەکگرتوویيەی زیاتر قووڵ کردووەتەوە. لەگەڵ یەکتر بوون لە هەندێک قۆناغی خەبات و هەروەها بە هاواری یەکترهاتن لە ڕۆژانی تاڵ و بەئێشدا، پێوەندی و گرێچنی ئەو خەڵکانە لە دوو لایەنی سنوورەکان، بۆ لای گرێیەکی مێژوویی، سیاسی، شوناس و وێڕای چارەنووس و هەڵبژاردنی هاوبەش ڕاکێشاوە. هەر ئەو دۆخە یەکێک لە سەرچاوە بەهێز و گرینگەکان لە دیپلۆماسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دراوسێیەکان، بە تایبەت کۆماری ئیسلامییە. ئەو پشتیوانییە نەتەوەییە لە تەنیشت کەڵک وەرگرتن لە توخم و هێزە توانا و نەتەوەییەکان، هاوکات لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ئیرادەی نەتەوەیی دەفرایەتییەکە کە بە شێوەیەکی ئەساسی تاوتوێ نەکراوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بە هۆی دەسەڵاتی حیزبی و ململانێی سیاسیی تا ڕادەیەک ناسالم لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دیپلۆماسیی ئەوانی ناکارامە و بەستراوە بە شوناس و توخمی نەتەوەیی کردووە.

لە بنەڕەتدا لە ماوەی ساڵانی ڕابردووی خەبات لە بەشەکانی کوردستان، بۆ دەستبەرکردنی دێموکراسی و مافی نەتەوەیی دژی ڕێژیمی سەرەڕۆ و دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر هەر کام لە بەشەکانی کوردستان، جۆرێک لە توخمەکان و سەمبولەکانی نەتەوەسازی لە تەنیشت باقی سەرچاوە سەرەتایی و بنەرەتییەکانی نەتەوە لە کوردستاندا ،دروست کراوە. ئەو توخم و سەمبولانەی کە ئەمڕۆکە لە دیپلۆماسیدا، دەبێ بۆ بەدواداچوون و دەستەبەرکردنی ئارامانج و خواستە نەتەوەییەکان، سەرنجیان پێ بدرێت. بەو پێیە دەبێ زیاتر لە هەر کاتێک سەرنج بە بەها و پێگەی ئەوان لە پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان لەگەڵ تورکیە و کۆماری ئیسلامی لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدرێت. بەو مانایە باڵاتر لە بنکەکانی نەتەوەسازی و ناوەندە دەوڵەتییەکان، لە ڕێگای زانیاری بەخشین بەخۆت، ئامووزشی خۆڕسک و ئیرادە و مۆرالی نەتەوەیی کاری کردووە. کوردەکان لەو نەتەوەانن کە لە کاتی شەڕی ڕزگاریخوازانە، سەمبول و توخمەکانی شوناس بۆ پێکهاتە و پرۆسەی نەتەوەسازی لەو بەشانەی کە ئەنجامیان داوە و بە هۆی پشتیوانیی مێژوویی و شارستانیەت و هەروەها ئاسەواری مێژوویی، شارستانیی و فەرهەنگی لە هەندێک بەشی کوردستان لە سەرچاوە و سەرمایەی زۆر بۆ شووناسبەخشی و نەتەوەسازییان لەدەستدایە. ئێمە لە کردەوەدا بۆ ئەم مەبەستە هیچ کارێکمان نەکردووە. ئەو خەباتە بەردەوام بە پشتیوانیی و هاوڕێیەتی هێزە نەتەوەیی و هەروەها دینییەکان بە جەخت کردنەوە لەسەر توخم و شوناسی کوردی لە حەوزەی خەباتی سیاسی و ئازادیخوازانەی خۆیان لەسەر هێزی فیکری و سێکۆلار جەختیان کردووەتەوە. سەرەڕای ئەوەیکە باوەڕمەندانی دینی و زانایانی دینیش، بەردەوام بەشێکی گرینگ لەو خەبات و بەرخۆدانە نەتەوەیی و شوناسە، بوونە سروودی هاوبەش، ئاڵا، جلوبەرگ، نەورۆز و شوناسی کوردی، زمان، مێژووی هاوبەش، ڕێبەرانی نەتەوەیی، خەباتی هاوبەش، ڕابردووی مێژوویی، میراتی ئەدەبی و فەرهەنگی، ئاسەواری مێژوویی، شارستانییەت و کەونارایی، پێوەندییە دینی و ئایینییەکان بە جۆراوجۆریی و هەروەها زۆر حاڵەتی دیکە وەک چارەنووسی مێژوویی لە سەرچاوە و بەستێنەکانی بەهێز و کاریگەریی دیپلۆماسیی کوردەکانە کە بەپێی بەرنامەڕێژی، خوێندنەوە، سمینار، کۆنفرانس، بەرهەمە هونەرییەکان و بەرنامەی دیکۆمێنتاری و هەروەها دروستکردنی ناوەندی ئامووزشی، بەشە هونەری و فەرهەنگییەکان، دەتوانین زیاترین دەفرایەتییەکان بۆ دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو و کارامە، کەڵکیان لێوەر بگیردرێت. ئەمڕۆکە لەو دۆخەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێیدایە، هەر کام لەو سەرچاوە و تایبەتمەندییانە وەکوو کۆد و کارتی دیپلۆماسیین کە دەتوانرێت بە کەڵکوەرگرتن لە هێز، کاریگەریی و قازانجەکانی ئەو جوغرافیا فەرهەنگی، سیاسی، مێژوویی و شوناسییە بە شێوەیەکی باش بۆ چەسپاندنی شوناسی خۆیان و ئەو بەشە لە کوردستان و خەڵکەکانی کە لەژێر دەسەڵاتی غەیرە دێموکراتیکی ئێراندان، کەڵک وەرگری. بەو مانایە بەو قازانج و دەرفەتانە، دەتوانرێت قووڵایی ستراتژیکی نەتەوەیی و شوناسی ـ فەرهەنگیی خۆیان پێناسە بکەن. ئەو بەشە لە کوردستان بە پشتیوانیی مێژوویی، فەرهەنگی و شارستانی لە ناوچەی خۆیان و بەشەکانی دیکەی کوردستان، دەتوانێت لەسەر توخم و سەمبولە نەتەوەیی و مێژووییکانی خۆی لە سیستمە ئامووزشی، ڕاگەیاندن، ئیداری، مێعماری، فەرهەنگی، هونەرییەکان و هەروەها لە پێوەندییەکانی خۆیان لە بیاڤە جیاوازەکانی دیپلۆماسی و کاریگەریی لە پێوەندی ناوچەیی و نێودەڵەتی، قازانج وەربگرێت. ئەو دۆخە، پێناسە و دووبارە خوێندنەوەی شوناس و مێژووی نەتەوەیی، دەبێتە هۆی ئەوەیکە، تا ئەو نەتەوەیە بە تێرامان لەسەر بەشە بەهێزەکان و باوەڕمەند بە چارەنووسی هاوبەش و هەروەها ئیرادە بۆ بەدواداچون و گۆڕانی چارەنووسی خۆیان، دیپلۆماسیی کوردیی زیاتر دەخرێتە بەر باس و ناسراو و کارامەتر دەبێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئیمکانات، سەرچاوە و هێزی دیکە بۆ دیپلۆماسییەکی سەرکەوتووتر لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەڕوویە، بەڵام پێش ئەوەیکە ئاماژە بەو خاڵانە بکەین، وەبیرهێنانەوەی ئەو خاڵە و شی کردنەوە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، حیزبەکان، مەجلیسی ناوچەیی، کەسایەتییەکان، ناوەندەکان، چاپەمەنی و ڕەخنەگرانی ئەو دیپلۆماسییە بایەخێکی گرینگی هەیە. پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکەکان بۆ هەر وڵاتێک لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، بابەتێکی گشتی و بەشێک لە پێویستیی پێوەندییەکانی نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکانە کە بیاڤی جیاواز لەخۆ دەگرێت. بەو پێیە بۆ ئەوەیکە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکرێت، بۆ پێشگرتن بە قەیران و ناکۆکی، بۆ هیدایەت، بەڕێوەبەریی و گفتوگۆ لەبارەی بەرژەوەندیی و ئۆگریە هاوبەشەکان، بۆ پەرەسەندن، گەشە و هاوکاریی نێوان وڵات و نەتەوەکان ،پێویستیی بە پێوەندی، پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماتیک، شتێکی پێویستە. ئەو ئامانجە لە هەموو بەستێنەکان لە ڕێگای جۆاروجۆری دیپلۆماسییەوە بەڕێوە دەچێت. بێ گومان حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی دراوسێیەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە سنووری دوور و درێژەکان و پێوەندییەکی درێژ لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوو لە هەموو بوارەکاندا چارەیەکی نیە، جیا لە درێژەی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، بەڵام لەو ڕێگایە و بەپێی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی، سەرنجی زۆر دەدات بە شوناس و نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کە لەژێر حکوومەتی دینی و غەیرە دێموکراتیکی ئێراندایە. بەڵام پێوەندیی دیپلۆماسیی چالاک یا پێویست ،لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێ لەگەڵ ناسین و ئاگاهی و لەبەرچاوگرتنی بزوێنەر و پێگەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێت. بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندی و سیاسەتی دوژمنکارانە و دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیسبەت بە کوردەکان، باوەڕ و پێوەندیی هەمە لایەنەی ئەو ڕێژیمە نیسبەت بە کوردستان و مەسەلەی کوردەکان دەبێ بەردەوام لەسەرخۆ و بە شێوەیەک لەگەڵ ڕەشبینی تێکەڵ بێت. هۆکاری ئەوەش بۆ سیاسەت و هەڵوێستە دژە کوردییەکانی نیزامی دینیی زاڵ بەسەر ئێران لە کاتی هاتنە سەرکاریەتی، کە دەگەڕێتەوە بۆ میراتی ڕێژیمی دژە کوردی پەهلەوی.






## جووت حەوت

**هەوراز**

لە سەرەتاکانی هێرشی ئیمام بۆ ئێراندا، کەسانێك هەبوون کە لای ئێمە پێیان دەگوتن «حیزبی شێت»، لە هێندێك شوێن وەکوو «گۆپاڵ بەدەستی حیزبوڵڵا» یان «دانیشجووی پەیڕەوی خەتی ئیمام» دەناسران وەك ئەکبەر گەنجی (ئەکبەر پوونێز) و مەعسوومە ئیبتکار و عەباس عەبدی و هتد، کەسانێك لەوانەش وەك سەعید حەجاریان، جەلایی پوور، موحەممەدیی گیلانی، لاجوەردی، خەڵخاڵی، موحتەشەمی پوور، مووسەوی تەبریزی، مووسەوی خوینیها، مووسەوی ئەردەبیلی هەبوون کە کاریان تیرۆر و ئیعدام و ئەشکەنجە و داخ و درەوشکردن و گوێ بڕین و چاودەرهێنان و زیندووبەچاڵکردن و دەستدرێژیی سێکسی لە زیندانیدا و هتد بوو، بەڵام لە لایەن «ئاخوندۆف و چەپەتولئیسلامەکانەوە» بە قارەمانی خەباتی دژە ئیمپریالیستی دەناسران.

ئەو کاتە ئەگەر کەسێك ئازادیخواز بوایە، دژ بە ئەمانە و خودی ئیمام خومەینی شەڕی دەکرد.بەڵام پاش چەند ساڵێك گەرای ئیسلاحخوازیی جەماعەتی خاتەمی لە گۆمێکی قوڕاوی و لیخندا هاتە بەر، مەبەستیان لە ئازادیخوازی، گەڕانەوە بۆ ڕێبازی ئیمام بوو. ئیسلاحخوازییەکەشیان دژ بە کێ بوو؟ دژ بە گەندەڵی و دیکتاتۆری و تیرۆریزمی هاشمیی ڕەفسەنجانی و ڕەیشەهری و فەلاحیان و دوڕڕیی نەجەفابادی و هتد. سومبۆلەکانی دێموکراسی و ئیسلاحخوازی کێ بوون؟ خەڵخاڵی، لاجوەردی، ئەکبەر پوونێز، عەباس عەبدی، سەعید حەجاریان، جەلایی پوور، موحەممەدیی گیلانی، موحتەشەمی پوور، مووسەوی خوینیها، مووسەوی ئەردەبیلی، ئەکبەر پوونێز (گەنجی) کە ئیستا ببوو بە ڕۆشنفیکری دینی و هتد کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەمدا کردبوویانە هات و هاوار و بە خەڵکیان دەگوت دەنگ بە ڕەفسەنجانی مەدەن با دێموکراسییەکەمان نەکەوێتە مەترسییەوە.

پاش ماوەیەك کە ڕەفسەنجانی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ٨٤دا بوو بە ڕکابەری ئەحمەدی نژاد، ئیسلاحخوازەکان کە کەسیان لە یارییەکەدا نەمابوو، بوون بە لایەنگری ڕەفسەنجانی، واتە هەمان ئەو کەسەی کە ئیسلاحات دژ بە حکوومەت و بنەماڵەی ئەو دەستی پێ کردبوو. لەو کاتەوە ڕەفسەنجانی بوو بە پیر و مورادی جەماعەتی ئیسلاحخواز و چەپەتولئیسلامەکانی وەك فەڕوخ نیگەهدار و ڕۆشنفیکرانی دینیی وەك جەماعەتی بی.بی.سی و هتد. لەم هەڵبژاردنەی سەرکۆماریی دواییدا کاتێك کە ڕەفسەنجانی ڕەد کرایەوە، جەماعەت شینی ئیمام حوسەینیان بۆ کرد، بەڵام لە پاش ئەویش پەکی کاری خۆیان نەخست و ئەمجارە خۆیان بە عەبای ڕۆحانی و ڕیشی پڕۆفیسۆریی زەریفی قوتابیی ئەنجومەنی حوجەتییەدا هەڵواسی و بە سوێند و قورعان کردنیان بە ئیسلاحخواز و تا ئێستاش کە هیچ یەك لەو دوانە دانی خێریان بە ئیسلاحخوازیدا نەهێناوە و هیچیان بە کڵاویان نەپێواوە، ئەمان هەر حیسابی خودییان بۆ دەکەن. لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی ئەمساڵیشدا ئیسلاحخوازان و شوێنکەوتوانیان لە دەرەوەی وڵات کە ئێستا بنەماڵەی حەسرەتی ئیمامیشیان پێ زیاد بووە (واتە هەمان ئەو بنەماڵە کە ئەم قوڕە سوورەیان بۆ هەموان گرتەوە و ئێستا بۆ خۆیان بە چەکمە دەیشێلن) بە خەڵك دەڵێن ئەگەر دەنگ بە لیستی ئاغای ڕەفسەنجانی نەدەن، جەننەتی دەیباتەوە و کارەسات ڕوو دەدات. ئێستا با بزانین لیستی دێموکراسیخوازانی سەر بە ئاغای ڕەفسەنجانی چ کەسانێکن کە دەبێ لە جەننەتی باشتر بن؟ کاتێك چاو لێ دەکەین دەبینین لیستەکەی ئەمجارەی ئیسلاحخوازان لە ئاستێکی بەرزی جیهانیدایە واتە بەشێکی زۆریان لە جیهاندا حوکمی دەستبەسەرکرانیان دەرچووە و ئینترپۆل بە دوایاندا دەگەڕێت یان بەهۆی ڕۆڵیان لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا کەوتوونەتە بەر ڕەحمەتی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، وەکوو خودی ئاغای ڕەفسەنجانی، عەلی فەلاحیان (وەزیری ئیتلاعاتی سەردەمی تیرۆری ئازادیخوازانی دەرەوی وڵات کە لەگەڵ خودی ڕەفسەنجانی بە هۆی دۆسیە تیرۆریستییەکانی میکۆنۆس و ئامیا حوکمی دەستبەسەرکرانی لە دەرەوەی وڵاتدا هەیە)، محەممەدیی ڕەیشەهری (قەسابی دەیەی ٦٠ی زیندانەکانی ئێران و وەزیری ئیتلاعاتی پێشووتر)، دوڕڕیی نەجەفابادی (وەزیری ئیتلاعاتی سەردەمی قەتڵە زنجیرەییەکان)، موەحیدیی کرمانی (نوێنەری پێشووی خامنەیی لە سپای پاسداراندا)، هاشمیی شاهڕوودی (سەرۆکی دەزگای قەزایی و بەرپرسی دە ساڵ تاوان و پێشێلکاری لەو دەزگایەدا) و... .

لێرەدا بەپێی ڕەوتی تەکامولی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا لیستی ئیسلاحخوازان بۆ خولی داهاتووی خیبرەگان ڕادەگەیەنین کە ئەگەر دەنگیان پێ نەدەن، دێموکراسی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەم کەسانەش بریتین لە: موهەندیس ئەحمەد جەننەتی (سەرۆکی لیست و نووسەری یاساکەی حاموورابی)، دوکتور موجتەبا خامنەیی (مامۆستای زانکۆی ئاکسفۆرد)، قازی سەڵەواتی (دادوەری دادگای لاهە)، قازی سەعید مورتەزەوی (چالاکی مافی مرۆڤ)، پارێزەر ئەبووبەکر ئەلبەغدادی (سەرۆکی پارتی دێموکراسی بۆ هەموان)، حوجەتولئیسلام ڕاسپووتین (چالاکی ژینگەپارێز و نوێنەری وەلی فەقیە لە ڕووسیەی قەیسەری)، دوکتور بەشار ئەسەد (خاوەنی ڕێکخراوی منداڵپارێزی حافز ئەسەد و نوێنەری وەلی فەقیە لە سووریە)، غوڵامحسەین موحسنیی ئیژەیی (زیندانی سیاسیی پێشوو و کەسایەتیی فەرهەنگیی ناسراو)، موستەفا پوورمحەممەدی (مودیری باخچەی ساوایانی پوورە قالونچە) و ئایەتوڵڵا دوکتور مەحمووود ئەحمەدی نژاد (مۆدیل و مانکەنی ناسراو).

## محەممەد موورادی لە وتووێژی «کوردستان»دا:

# پیاوانی حکوومەت، ئێمەیان بە مرۆڤکوژ و خراپکار دەزانی

**دیمانە: غالب حەبیبی**

لە ٣٧ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، نە تاوانی سیاسی پێناسەی بۆ کرا و نە دەستبەسەرکراوانیش لەسەر بنەمای «سیاسی بوون» دادگایی کران، بەڵکوو دۆسیە سیاسییەکان لەژێر ناو و ناتۆرەی «ئەمنیەتی» و لە دادگا داخراوەکاندا و بە ئیزنی ناوەندە ئیتلاعاتییەکان، لێک درانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و بە بڕیاری خومەینی، «هەڵوەشاوە» ڕاگەیەندرا و ئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبە بەرەورووی «سزای قورس» بە تاوانی داتاشراوی «موحاریبە»ن. ئێستاش کە پاش ئەو هەموو ساڵە، گەڵاڵەی «تاوانی سیاسی» پەیڕەی یەکەمی بە نابەدڵی تێپەڕ کرد، دووبارە «هۆکارەکانی تاوانی سیاسی» زۆر ئایدیۆلۆژیانە قەتیس کراون و هیوایەک بۆ چاک بوونی دۆخی دۆسییەی زیندانیانی سیاسی بەدی ناکرێت.

لێرەدا دۆخی یەکێک لەو زیندانیانە کە ماوەیەک پێش ئێستا لە گرتووخانەی یەزد ئازاد کرا، لە زاری خۆیەوە بڵاو دەکەینەوە، تاکوو ڕەهەندەکانی ستەمی دەزگای دادوەریی ئێران لەسەر زیندانیان، پتر دەربکەون.

محەممەد موورادی لەم وتوێژەدا دەپەرژێتە سەر هەلومەرجی گشتیی زیندان و ڕوانگەی بەرپرسانی گرتووخانە بۆ چالاکانی سیاسیی کورد.

**کوردستان: بە گشتی چەند لە دەستبەسەریدا مایتەوە و لەکام شاردا زیندانیت کێشاوە؟**

**محەممەد موورادی:** ماوەی ١٩ ساڵ و ٧ مانگ زیندانی بوومە، کە ١٠ ساڵی لە زیندانی دیزڵ ئابادی کرماشان و ٩ ساڵ و حەوت مانگیش لە شاری یەزد زیندانی بووم.

**کوردستان: دەستبەسەرکردنەکەت کەی و چۆن بوو؟**

**محەممەد موورادی:** من و عەلی ساڵحی لە لایەن چەند بەکرێگیراوێکەوە لە گوندی کزێ دەستبەسەر کراین. بەرپرسی خۆفرۆشەکان کەسێک بوو بە ناوی عەباس ئەحمەدی کوڕی عەلی فەرەج، کە مامۆستای گوندەکە بوو و بۆ سپای پاسدارانی سەلاسی باوەجانی کاری دەکرد. هۆی گیرانی ئێمە ئەوە بوو کە لە هاوڕێکانی دیکەمان هەڵبڕاین، ئەویش بە هۆی سەختیی شەڕەکەوە و ناشارەزایی لە ناوچەکەدا، لە کۆتاییدا پاش ٦ ڕۆژ گەڕان لەو دەڤەرە، ویستمان بگەڕێینەوە بۆ باشووری کوردستان، ڕێگەمان کەوتە ئەو گوندە و لە لایەن ئەو خۆفرۆشانەوە، بە بێ چەک و تەقەمەنی دەستگیر کراین. ئێمە چوون دەمانەویست بگەڕێینەوە بۆ سنوور و شارەزاییشمان نەبوو، بە باشمان زانی کە ... چەک و چۆڵەکانمان لە شاخ و کێوی شاهۆ بشارینەوە.

> **لەو زیندانییە غەیرە سیاسیانەدا هەبوون کەسانێک کە دەگەڵ ئێمە باش بوون و حەزیان بە نزیکی و هەواداریی حیزبی دێموکرات دەکرد و هەر ئەوەش دەبووە هۆی ڕاپۆرتدانی لە لایەن زیندانییە خراپەکانەوە**

**کوردستان: یەکەم حوکم و پرۆسەکەی باس بکە؟**

**محەممەد موورادی:** حوکمی ئێمە لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە دیاری و دەسنیشان کرابوو. قازییەکە دەیگوت ڕەحمتان پێ کراوە، چوونکە ئەگەر بەدەست من بێ، ئەوا دەبێ ئیعدام بکرێن. دیاربوو کە قسەکەی ڕاستە، چوون لەکاتی قسەکردندا قازییەکە لەگەڵ ڕاوێژکار و پارێزەرەکە کە بۆ ئێمەیان دەستنیشان کردبوو، هەموو کاتێ شیرینییان دەخوارد و پاش چەند جار هاتوچۆمان بۆ دادگا و لە ماوەی ١١ مانگدا، کە بە توندی لەژێر چاوەدێریی ئیتلاعاتدا بووین، دادگا ئێمەی بە تاوانی ئەندام بوون لە حیزب و دژایەتی دەگەڵ ڕێژیم و هەوڵدان دژ بە تەناهیی نەتەوەیی و دەرگیریی چەکداریی دژبە هێزەکانی حکوومەت و سپای پاسداران بەم شێوەیە مەحکووم کرد: ١ـ والی درووەدی کوڕی ئەنوەر خەڵکی گوندی «چڕۆسانە»ی سەربە شاری کامیاران بە زیندانی هەتاهەتایی (ابد) ٢ـ عومەر ئیمامی کوڕی حەسەن خەڵکی گوندی «کڵاشی هەوش»ی سەربە شاری جوانڕۆ بە زیندانی هەتاهەتایی (ابد) ٣ـ محەممەد یەعقووبی (موورادی) کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی «چەوتە»ی سەربە شاری سەرپێڵی زەهاو بە ٢٠ ساڵ زیندانی ٤ـ عەلی ساڵحی کوڕی محەممەدساڵح خەڵکی گو ند ی ... «شەژوێ»ی سەربە شاری ڕوانسەر بە ٢٠ ساڵ زیندان.

**کوردستان: لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە چی تۆمەتبار کرای؟**

**محەممەد موورادی:** لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دژایەتی دەگەڵ ڕێژیم و هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی و دەرگیری چەکداریی دژ بە هێزەکانی حکوومەتی ئێرانم لێ‌درا.

**کوردستان: کێ بوون ئەوانەی کە لەگەڵ تۆدا گیران و ئێستا لە کوێن؟**

**محەممەد موورادی:** ئەو هاوڕێیانەی کە ناوم بردن، والی درووەدی و عومەر ئیمامی لە زیندانی ناوەندیی شاری یەزد دان، عەلی ساڵحی ئازادکراوە و لە ماڵی خۆیاندایە.

**کوردستان: هەڵسووکەوتی قازییەکان لەگەڵت چۆن بوو؟**

محەممەد موورادی: باش نەبوون. بۆ ئێمە قازییەک، ڕاوێژکارێک و پارێزەرێکیان دیاری کردبوو کە بە زۆری لە جیاتی ئێمە، بەرگرییان لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەکرد. لەو شوێنەی کە دەبووایە قسەیان بکردایە، قسەیان نەدەکرد و لەو شوێنەش کە د ە بو و ا یە ... بەرگرییان کردبا، بەرگرییان لە حکوومەتی ئیسلامی دەکرد. بە گشتی هەرسێکیان ئێمەیان بە ئینسان دانەدەنا و تەنانەت ئێمەیان بە مرۆڤکوژ و خراپکار دەزانی و دەناسی.

**کوردستان: ڕوانگەی زیندانییانی غەیرە سیاسی سەبارەت بە تۆ چۆن بوو؟**

**محەممەد موورادی:** زۆربەیان لەگەڵ ئێمە فرە باش نەبوون. لەبەر ئەوەی کە هەموویان یان لە پێوەندی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان گیرابوون یان سیخوڕی و خۆفرۆشی ڕێژیمی عێراق و حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بوون. ئەو کار و کردەوەیان بۆ ئیمتیاز وەرگرتن و جێبەجێ کردنی داخوازییەکانیان بوو. هەندێکیان هاوکاریی عەوامێلی ڕێژیمیان دەکرد و دەگەڵ زیندانیانی سیاسی دەرگیر دەبوون. لەو زیندانییە غەیرە سیاسیانەدا هەبوون کەسانێک کە دەگەڵ ئێمە باش بوون و حەزیان بە نزیکی و هەواداریی حیزبی دێموکرات دەکرد و هەر ئەوەش دەبووە هۆی ڕاپۆرتدانی لە لایەن زیندانییە خراپەکانەوە.

**کوردستان: باسی دۆخی ناو زیندانەکانی دیزڵ ئاباد و یەزد بکە؟**

**محەممەد موورادی:** ئێمە هەمووکات لەژێر چاوەدێریدا بووین. زۆرجار لە لایەن حیفازەت ئیتلاعاتی زیندانەوە بانگ دەکراین و هەندێ جاریش لە لایەن نوێنەری وەزارەتی ... ئیتلاعاتەوە بانگهێشت دەکراین و هەڕەشەی ئەوەیان لێ‌دەکردین کە مافی قسەکردن و پێوەندی گرتن دەگەڵ زیندانییەکانی دیکەماندا نیە. ئەوان پێیان وابوو کە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی ئێمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیندانییەکان پاش ئازادبوونیان بچنەناو شۆڕشەوە.

**کوردستان: ئەو ئەو زیندانییە سیاسییانەی(کورد) کە زۆر بە کەمی لە ڕاگەیەندراوەکاندا باسیان لێوە کراوە، کامانەن؟**

**محەممەد موورادی:** ئێمە چوارکەس بەکەمی لەسەرمان باس کراوە و گلەییشمان لەوبارەوە هەیە و دەتوانم لە لایەن ئەوانیشەوە ئەو گلەییە بکەم. هەندێ زیندانیی سیاسیی دیکەش هەن کە کوردن، بەڵام ئەندامی حیزب نەبوون و پێوەندییان بە ڕێکخراوەکانی دیکە وەک پ.ک.ک هەبوو. لەناو ئەو کەسانەدا دەتوانم ناوی خالد زەمانی و ڕۆستەم ئەرکیا بێنم کە هەریەکەیان بە ٣٠ ساڵ زیندان مەحکووم کراون.

**کوردستان: سەردانی بنەماڵەت لەکاتی زیندانی بوونتدا و پێدانی مەرەخەسی چۆن بووە؟**

**محەممەد موورادی:** من هیچکات لەماوەی زیندانی بوونمدا مەرەخەسییان پێ نەدام. بنەماڵەکەیشم لەناو خاکی ئێراندا نەبوون و نەیاندەتوانی زەمانەتی ئەمن بۆ پێدانی مەرەخەسی بکەن، بەڵام دوو هاوڕێی دیکەم پاش ١٨ ساڵ و شەش مانگ مەرەخەسیان پێ‌درا.


**کوردستان: ئێستا کە ئازاد بوویت چ هەستێکت هەیە؟**

**محەممەد موورادی:** هەستێکی بەرز و باشم هەیە و زۆر خۆشحاڵ و بەختەوەرم کە جارێکی تر توانیم بگەڕێمەوە باوەشی بنەماڵە و حیزبەکەم. نارەحەتیشم هەیە لەو بارەیەوە کە حیزبەکەم تووشی دابڕانی کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی بووە و ئەوە حیزبی لاواز کردووە کە هیوادارم کە چالاکییەکانی لەوەی ئێستا هەیەتی زۆرتر و زیاتر بێ. ئەو لاوازییە بووەتە هۆی خۆشحاڵیی دوژمنەکەمان یانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**کوردستان: بەتەمای لە داهاتوودا چی بکەی؟**

**محەممەد موورادی:** من زۆرم پێ خۆشە بتوانم بە هەموو توانامەوە خزمەتی حیزب بکەم، بەڵام بە داخەوە هەروەک حیزبیش ئاگادارە، ئەمن تووشی نەخۆشییەک بووم کە لە کوردستان چارەسەری نییە و دەبێ بۆ دەرمان بڕۆمە دەرەوەی وڵات. نازانم حیزبیش تا چ ڕادەیەک دەتوانێت لەمبارەیەوە یارمەتیم بدات. خۆ ئەگەریش بڕۆمە دەرەوە و چاک ببمەوە هەر لە پێناو ئازادی گەلەکەمدا ئەوەی لە توانامدا بێ بە حیزبەکەم خزمەت دەکەم.





چەند درێژ بۆتەوە ئەم شەوە
وەرە ئەم مۆمانە
یەکیان تۆ هەڵیگرە
یەکیان من

ویشک هەڵگەڕا لە تینوویەتیدا لێومان
وەرە ئەم جامانە
یەکیان تۆ بینۆشە
یەکیان من


بۆنی شێ ئەم ماڵەی هەڵگرت
وەرە ئەم نەستەرەنانە
یەکیان تۆ بیچصێنە
یەکیان من

لە کۆڵان دەنگی ساز دێت
وەرە ئاوازەکانی
یەکیان تۆ بیڵێرەوە
یەکیان من

بە هەر هەنگاوێک کە دەبێ بڕۆین و
هەر هاوارێک کە دەبێ بیکەین
یەکیان تۆ بیکە
یەکیان من...

مەسعوود سەمیمی
بە یادی سیاوەش کەسرایی
و: کوردستان

هیوا هەرگیز نابێت بکوژێتەوە
چوار مۆم بە هێمنی داییسان، ئاقاریان هێند بێدەنگ بوو کە دەکرا گوێت
لە ئاخاوتنی نێوانیان بێت.
یەکەم مۆم گوتی: «من ئاشتیم، هیچکەس ناتوانێت بۆ هەمیشە
بە داگیرساوی ڕامبگرێت. وابزانم بە زوویی دەکوژێمەوە».
هێشتا وتەکانی مۆمی ئاشتی نەگەشتبووە کۆتایی کە گڕەکەی
کز بوو و کوژایەوە.
مۆمی دووهەم گوتی: «من ئیمانم، هەر بەڕاست وادیارە
کەس پێویستی بە من نییە، هەربۆیە منیش مەیلم نییە چیتر
بە داگیرساوی بمێنمەوە.»، لەگەڵ کۆتایی هاتنی گوتەکانی
مۆمی ئیمان، شنەیەک بە هێمنی هەڵیکرد و کوژاندییەوە.
کاتێک سەرەی سێهەمین مۆم هات، بە خەفەتەوە گوتی: «من
عەشقم، توانای داگیرساوییم نەماوە، خەڵک منیان وەلا ناوە و
هەست بە بایەخی من ناکەن، سەیر کەن! تەنانەت لەبیریان کردووە
بەرانبەر بە نزیکترین کەسەکانیشیان سۆز و خۆشەویستی دەربڕن.»،
هەربۆیەش مۆمی عەشقیش دەستبەجێ کوژایەوە.
منداڵێک خۆی بە ژوورەکەدا کرد و بینی کە سیان لە مۆمەکان
کوژاونەتەوە. گوتی: «خۆ ئێوە بڕیارتان دابوو تا دوا سات
بەداگیرساویی بمێننەوە، ئەی بۆ چیدیکە نایسێن؟»، چوارەمین مۆم
گوتی: «نیگەران مەبە، تا ئەو کاتەی من دەگڕێم، بە یارمەتیی یەکتر
دەتوانین مۆمەکانی دیکەش داگیرسێنینەوە. من هیوام.»، چاوەکانی
منداڵەکە بریسکانەوە، مۆمی هیوای هەڵگرت و دیکەی مۆمەکانی
داگیرساندەوە.
هەربۆیەش ئەم گڕی هیوایە هەرگیز نابێت بکوژێتەوە. ئێمە پێویستە
هەردەم هیوا، ئیمان، ئاشتی و عەشق لە ناخی خۆماندا ڕاگرین.
نیک ساڵحی
و:کوردستان



چاکسازیی نوێ





جوداییخواز
***
جودا
دەخوازم
بم
لەو
شەوە تاریکەی
تێیدا
موحتاج
بم
بە تیشکی ناوی خۆم
بە کڵپەی کاتێکی تەنیا
*
جودا
دەخوازم
بم
لەو
خەوە نامۆیەی
هەردەم
بەسەر پێڵووەمەوە
جارێک
نەبوو
من
بم
من
کە مێژوو
لە ناوم دەتکێ
سوور
سوور
تەنیا و
جودا لە هەمووان
ساماڵ ئەحمەدی

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No: 671 ■ 20 feb 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی دیکەی لە دژی کۆماری ئیسلامی پەسند کرد

کۆمیتەی مافەکانی منداڵان، سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پێوەندی لەگەڵ پێشێل کردنی مافەکانی منداڵان لە ئێران، بڕیارنامەیەکی دەرکرد.


ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندان، بەرزترین ناوەندی نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی منداڵان، بڕیارنامەیەکی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی خراپی منداڵان، بەتایبەت کچانی ژێر ١٨ ساڵ، لە ئێراندا پەسند کرد کە تێیدا،«حجاب»ی زۆرەملەی کچانی منداڵکارەی، بە پێشێل کردنی ئاشکرای بەڵێن نامە نێونەتەوەییەکانی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵان ناو بردووە.

لە بڕیارنامەی ئاماژەبۆکراودا هاتووە؛ ناچارکردنی کچان بۆ ڕەچاوکردنی «حجاب» لە شوێنە وەرزشییەکان، ناوەندە فەرهەنگی و هونەرییەکان و ئیزن نەدان بەم توێژە بۆ بەشداری لە یاریگا وەرزشییەکان، پێشێل کردنی ئاشکرای مافەکانی منداڵانە و ئەمەش جێگەی نیگەرانییە.

کۆمیتەی مافەکانی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها داواکارە ئێعدامی مێرمنداڵان بە زووترین کات ڕابگیرێت و مافی منداڵانی کەمینە مەزهەبی و ئێتنیکی و جنسییەکان، ڕەچاو بکرێت و مێکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەی منداڵانی کار و منداڵانی سەر شەقام و منداڵانی کەم ئەندام بگیرێتە بەر.

دوایین ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئێراندا، منداڵان لە دۆخێکی خراپدان و یاساکانی حکومەتی ئیسلامیش ڕێگەخۆشکەرن بۆ بەردەوامیی ئەم ڕەوشە.

## حوکمی یەک ساڵ زیندانیی بۆ چالاکێکی کرێکاری بڕایەوە



دادگای ئینقلابی شاری سەقزحوکمی ١ساڵ زیندانیی تەعزیری بە سەر چالاکێکی کرێکاری خەڵکی ئەو شارەدا سەپاند.

ئاژانسی کوردپا: «عوسمان ئیسماعیلی» چالاکی کرێکاریی کوردستان لە لایەن دەزگای قەزایی ئێرانەوە بە تۆمەتی «چالاکیی لە بواری مافی کرێکاران و پێوەندی گرتن لەگەڵ هەواڵدەرییەکان» سزای یەک ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. ئەو حوکمە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری سەقز دەرکراوە. سەرچاوەیەک وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەو بڕیارە، بە کوردپای ڕاگەیاند: عوسمان ئیسماعیلی تۆمەتی ئەندامیەتی لە یەکێک حیزبە کوردییەکانیشی درابووە پاڵ، کە بە هۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست، لەو تۆمەتە بێبەریی کرا.» چەند مانگ پێش ئیستا، عوسمان ئیسماعیلی لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی کوردپا باسی لە دەستبەسەرکردن و هەڕەشە لە هاووڵاتییانی کورد لەبەرەبەری ڕۆژی جیهانی کریکار کردبوو و ئەو کارانەی بە «فشاری سیستماتیکی ناوەندە ئەمنییەتییەکان» لە قەڵەم دابوو. پێشتر عوسمان ئیسماعیلی لە ٨ی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵەوە لەلایەت هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرابوو و دوای ١٢ ڕۆژ لە ژووری تاکەکەسی بە دانی بارمتەی ٧٢میلیونی ئازاد کرا.


## مەرەخەسی بە مەرجی دانپیێدانان بۆ زیندانییەکی کورد

گوشار و هەڕەشە لە زەینەب جەلالیان لە لایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە، چووە قۆناغێکی نوێوە.

بەپێی هەواڵە بڵاو بووەکان، بەرپرسانی گرتووخانەی شاری خۆی لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، لە دانی هەرچەشنە مەرەخەسییەکە بە زیندانییەکی سیاسیی کورد خۆدەبوێرن. ئەو ژنە زیندانییەی خەڵکی ماکۆ، لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا، لە مافی مرەخەسی بێبەش کراوە. پارێزەری زەینەب جەلالیان لە نوێترین وتووێژیدا وتوویەتی کە؛ پێشگرتن بە مرەخەسیی ئەو زیندانییە سیاسییە، لەوانەیە بۆ ناچار کردنی بە دانپیێدانانی تەلەفزیۆنی بێ. کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، لە زاری محەممەد شەریف ڕایگەیاند: «بەرپرسانی زیندان، ئیزنی مەرەخەسی نادەن و بەپێی هەلومەرجی ئەو زیندانییە، شیمانەی ئەنجامدانی دانپیێدانانی تەلەفزیۆنی دەکەم». دانپیێدانانی تەلەفزیۆنی، زاراوەیەکی ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، کە دژبەرانی ئەو سیستمە بە تایبەتی زیندانییەکان، بە شێوەی زۆرەملێ و لەژێر ئەشکەنجەدا ناچار بە ڕەخنە گرتن و ڕەت کردنەوەی بیر و کرداری پێشووی خۆیان دەکرێن و لە کاناڵە تەلەفزیۆنییەکانی وەک پرێس تیڤی، سەحەر و جامجەم، بڵاو دەکرێنەوە. زەینەب جەلالیان کە تەمەنی ٣٣ ساڵە و ٨ ساڵ بەرلە ئیستا لە خاڵی پشکنینی «قازانچی»، لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانەوە دەستبەسەر و دواتر بۆ ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی کرماشان ڕاگوێزرا. حوکمی دەزگای قەزایی ئێران بۆ ناوبراو، لە سەرەتادا ئیعدام بوو و پاشان بۆ زیندانی هەتاهەتایی کەم کرایەوە و هەوڵ و تێکۆشانی بنەماڵە و پارێزەری زەینەب، بۆ داشکاندنی ئەو سزایە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، تاکوو ئێستا بێئاکام ماوەتەوە. ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە، بەهۆی دۆخی ناتەندرووستی زیندانەوە، تانە کەوتۆتە سەر چاوی. هەروەها ڕێگری لە چاوپێکەوتنی بەردەوامی حەفتانەی لەگەڵ بنەماڵەکەی لێ دەکرێت.



## قوتابییەکی کورد لە سەقز بەهۆی هەڵگرتنی کەرەستەی یاریکردن بەر لێدان و ئازار دەکەوێت



جارێکیتر قوتابییەکی کورد لەلایەت مامۆستاکەیەوە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری سەقز بەر لێدان کەوت.

ئاژانسی کوردپا: لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری سەقز قوتابییەکی پۆلی سێهەمی سەرەتایی لە لایەن مامۆستاکەیەوە بەر لێدان و ئازاردان دەکەوێت. ئەم منداڵە ٩ ساڵە کە تووشی نەخۆشی دیابێتیشە، تەنیا بەهۆی ئەوەیکە یەکێک لە کەرەستەکانی یاری کردنی بۆ قوتابخانە بردووە کەوتووەتە بەر لێدان و کوتانی مامۆستاکەی کە بەو هۆیەوە ماوەی ٢ ڕۆژ لە نەخۆشخانەدا ڕاگیراوە. بەپێی ئەم هەواڵە، بنەماڵەی ئەم قوتابییە لە ترسی ئەوەیکە مامۆستاکەی ڕق لە منداڵەکەیان هەڵنەگرێت حازر نەبوونە لە ڕاگەیەنەکاندا باسی ئەم ڕووداوە بکەن.

ئەمە یەکەمجار نییە کە لە قوتابخانەکانی ئێراندا حاڵەتی لەم شێوە ڕوو دەدات و پێشتریش هەواڵی لەم چەشنە لە چەندین شاری وەک «ئەلیگودەرز»، «هەمەدان»، «زاهێدان»، «وەرامین»، «گەناوە»، «گیلان»، «هەنار»، «تاران» و چەند شاری دیکەی ئێران و تەمبێ کردنی سەیر و سەمەرەی قوتابیان لە لایەن مامۆستا و بەرپرسانی قوتابخانەکانەوە بڵاو کراوەتەوە. ئەم چەشنە هەواڵانە لە کاتیکدا بڵاو دەبنەوە کە بەرپرسانی حکوومەتی بەتایبەت لەو دەوڵەتی ڕوحانی، بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە داکۆکیکاری کەرامەتی مرۆڤەکانن.

## دەستبەسەر کردنی هاووڵاتییان و ناڕوونیی چارەنووسیان



لە درێژەی ڕەوتی دستبەسەرکردنی هاووڵاتیانی کورد لە کوردستان، هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری کامیاران، هاووڵاتییەکی خەڵکی ئەو شارەیان دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار گواستووەتە.

ئاژانسی کوردپا: هێزە ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە شاری کامیاران، بۆ سێهەمین جار زیندانییەکی پێشووی سیاسیی کورد، بە ناوی حوسێن کەمانگەریان دەستبەسەر کرد.

هەتا کاتی بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە، ناوەندە ئەمنییەکان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە هۆکاری دەستبەسەر کردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە بە بنەماڵەی نەداوە. هەواڵنێری کوردپا لە شاری کامیارانەوە ڕایگەیاند: «هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارە بە بێ ئیجازە و بێ مولەتی یاسایی، ڕژاونەتە ماڵ ناوبراو و کۆمەڵێک کەرەسە و کەلوپەلی شەخسیی حوسێنیان لەگەڵ خۆیان بردووە.

پێشتریش حوسێن کەمانگەر لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی‌دا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری کرماشان، دەستبەسەر کرابوو و دوای دوو مانگ دەستبەسەری، بە دانی بارمتە ئازاد کرا. هەروەها لە ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی‌دا، جارێکی دیکەش دەستبەسەر و لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری سنەوە، بە تۆمەتی «هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی»، بە ١٠مانگ زیندانی بوون حوکم درابوو.

## چالاکێکی سیاسی کورد دەستبەسەر کرا



دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییانی کورد لەلایەت هێزە لیباس شەخسییەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران لە کوردستان درێژەی هەیە ولە شاری دێولانیش، ڕەوتی دەستبەسەر کردنەکان بێبەری نەبووە.


ئاژانسی کوردپا: ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی، سەلمان حوسێنپەناهی، چالاکی سیاسیی کورد لە شاری دێولان لەلایەت لیباس شەخسییەکانی ئەو ئیدارەی ئیتلاعەتەوە دەستبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەو هەواڵە، بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: ئەو چالاکە سیاسییە کوردە لە کاتی دەستبەسەر کردنیدا، لەلایەت هێزە لیباس شەخسییەکانەوە بێ ڕێزی پێی کراوە و لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجە و لێدانیش بەرەوڕوو بووتەوە.

هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە هۆکاری دەستبەسەر کردنی ئەو چالاکە سیاسییە کورد هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نیە.

هێرۆ هاشمی

## لەگەڵ خانماندا



خانمانی کورد، وەکوو هەموو خانمانی دونیا هەندێک سۆز و هەستی تایبەتییان هەیە کە لە پیاوانیان جیا دەکاتەوە. کاتێک دەوترێ کە هەست و سۆزێکی تایبەتی لە خانماندا جیاوازیان دەکاتەوە لە پیاوان، ڕەنگە هەندێک کەس وا بیر بکەنەوە، یان وای لێ تێبگەن کە مەبەستەکە ئەوەیە کە خانمان ئەو سۆز و هەستەیان هەیە و پیاوان لێی بێبەشن و بەم شێوەیە قسەیەک کە نەت وتووە و مەبەستی تۆ ئەوە نیە، ڕێک لێت بکەن بە تاوان و گوناح. بە تاوانی نەکردوو دادگاییت بکەن و لەو دادگاییە فەرزییەدا مەحکوومیشت بکەن کە تۆ شتێکی سەیروسەمەرەت گوتووە و چوونکە ئاوات وتووە، ئیتر مافی ئەوەت نیە جارێکیتر قسە بکەی و هەرقسەیەکی دیکە بکەی، دەڵێن: تۆ شتی ناڕاست هەڵدەبەستی بە سرووشتەوە و خراپیان حاڵی کردووی!

بەڵام بە هەموو ئەو قسە و تێگەیشتنە ناڕاستانەوە، هەندێک سۆز و هەست و حەز لە لای خانمان هەیە کە جیاوازیی لەگەڵ پیاواندا هەیە. بەو مانایە کە لە نێو پیاوانیشدا ئەو سۆز و هەستە هەیە و لە پیاوێکەوە بۆ پیاوێکی دیکە ڕەنگە جیاواز بێ، هاوکات ئەو هەست و سۆزەش لە نێو خانماندا لە خانمێکەوە بۆ خانمێکی تر جیاوازە. بەڵام بە شێوەی گشتی ئەو جۆرە هەست و سۆزە لە نێو خانماندا لە پیاوان زۆرترە.

یەکێک لەو هەست و حەز و سۆزە تایبەتانە، حەزی خانمانە بۆ ئەوەی «سوورپرایز» بکرێن!

خانمان بە شێوەیەکی گشتی حەزیان لێیە کە شتی لەناکاویان بۆ بکرێ و بە وشە ڕۆژئاواییەکەی «سوورپرایز» بکرێن و حەز و خۆشیی و چێژ لەوە وەردەگرن کە لە ناکاودا شتێکیان بۆ بکرێ کە چاوەڕوانی ئەوەیان نەبوو.

لەم نێوەدا دوو دیوی تایبەتی ئەم جۆرە سوورپرایزکردنانە هەیە:

یەکەم:

ئەوەی بینیومە و لێی ئاگادارم لە نێو بنەماڵە و دەوروبەری ناوچەی خۆمان، واتە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستە و لە کۆمەڵگاکانی هەڵبەگ شارەزاییم نیە کە چۆنە، بەڵام لە کۆمەڵگاکانی خۆمان و نزیک دیومە ئەوەیە کە زۆرجار ژنان و کچانی کورد کە دەچنەوە بۆ ماڵ (ئەڵبەت هەندێک کچ و ژن هەن کە ڕێگەی ڕۆیشتنە دەرەوەیان نیە تاکوو چوونەوە بۆ ماڵ ئەزموون بکەن!) ، لەو کاتەدا کە قاچیان دەخەنە ئەو دیو درگا و چاوەڕوانی چاکی و چۆنی و بزە و بەخێر هاتنەوەن، لەناکاو سوورپرایز دەکرێن و بە زللە و مشت و پێلاقە سوورپرایز دەکرێن! ئەو ژن و کچە کە دەگاتەوە ماڵ، لە لایەن باوک یان برا یان مێردەوە گومانی لە سەر بووە کە داخۆ بۆ چ شوێنێک ڕۆیشتبێ و لەگەڵ چ کوڕەتیوێک یان پیاوێکی مل ئەستوور بووە! بەم شێوەیە سوورپرایز دەکرێن و پیاوەتیی خۆیانی بەسەردا دەسەلمێنن!

دووهەم:

خانمانێک هەن هەر لەم کۆمەڵگایەی خۆمان و شوێنانی دیکەشدا کە لە ڕۆژانی ژیانی ئاسایی خۆیاندا کە کات تێ دەپەڕێنن یان کار دەکەن، لەناکاو یان لەماڵەوە پێیان دەڵێن یان لە سەر کار، یان لە دەرەوە تەلەفۆنیان بۆ دەکەن و پێیان دەڵێن: «خۆشەویستم ڕۆژی خۆشەویستیت لێ پیرۆز» و گوڵێکیان پێ پێشکەش دەکەن یا کادۆیەکی دیکە، هەرچی بێ.

ئەم شێوە سوورپرایزبوونە، بەلای خانمانەوە زۆر زۆر جالب و خۆشە و پڕ بە دڵ حەزی پێ دەکەن. هەڵبەگ خودی کادۆ و گوڵەکە بەلایانەوە گرینگ نیە، (کە ئەگەر شتی باشتریش بێ، زۆر باشترا!)، بەڵام هەر ئەوەندەی سوورپرایز دەکرێن و کادۆیەک وەردەگرن چێژ و خۆشییەکی زۆریان پێ دەدا. ئەم هەست و سۆزەی خانمان بۆ سوورپرایز بوون، بەو ڕادەیە لە نێو پیاواندا نیە و لەلای خانمان توندترە. هۆکاری سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خانمان بەو سوورپرایز بوونە، لە ناخەوە هەست بەوە دەکەن کە گرنگییەکیان پێ دراوە و کەسی بەرانبەریان ئەوەندە بایەخی بۆ داناون و لە فیکریاندا بووە کە ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ سوورپرایزکردنیان. لە ڕاستیدا بەم شێوازە نەک خودی سوورپرایز بوون، بەڵکوو هەست بە بایەخداربوونە کە چێژیان پێ دەبەخشێ.